کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگـانی کومیتـەی نـاوەندی کۆمەڵـە

دەورەی دووهەم ژمارە ١٧٢ نیوەی دووهەمی مانگی گەلاوێژی ١٣٨٢ - ئاگوستی ٢٠٠٣

* لایحەی تازەی مەجلیس ... ل٥
* قەتلی عامی زیندانیانی سیاسی... ل٦
* گوزارشیك لە شاری بوكانەوە ل٧
* دیداری نوێنەرانی كونگرەی نەتەوەیی ... ل٧
* فرۆشتنی كچێكی تەمەن ١٣ سال ... ل٨
* راگەیاندنی نوینەرایەتی كۆمەلە ... ل٨
* هەوالەكانی ئیران و كوردستان ل٩
* شانوگەری تەلەفزیونی دانشجویان ... ل٩
* هەوالیك لە ئاموزشگای پیشمەرگایەتی كۆمەلە ل١١

## "بەرەی کوردستانی"، "هاوکاری" زەمینە و پیش مەرجەکانی

لە چەند حەوتووی رابردودا، لە دەرەوەی ولات و لەسەر چەند سایتیكی تۆری ئینترنیت، باسیك سەبارەت بە مەسەلەی پیك هینانی "بەرەیەك" لە نیوان هیزە سیاسیەكانی هەلسووراو لە كوردستانی ئیران، كەوتوەتە رێ و چەند نوسراوەیەك لەم بارەوە بلاو بوونەتەوە. بێگومان هاندەری هەموو نوسەران و خاوەنەكانی ئەم باسە وەكو یەك نیە و گەلیك لەو كەسانە بە مەبەستیكی راستگویانە شوینی باسەكەیان گرتوە و لە روانگەی خۆیانەوە هەول ئەدەن خزمەتیك بە بەرەو پیش چونی خەباتی خەلكی كوردستان بۆ رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بكەن، بەلام ئەو باسە بۆ ژمارەیەكیش لە رووی وەهمی خۆ ریكخستن لەگەل سیاسەتەكانی دەولەتی ئامریكا، لەو ناوچەیە هاتوەتە كایەوە و پیك هینانی بەرە بە سیاسەتیك دەزانن بۆ ئەوەی بە وتەی ئەوان دەولەتی ئامریكا "ئاوریكیش لە كوردی ئیران بداتەوە" و لەم جەریانەدا گوشەی چاویكیشی بە "ریكخراوە" وە یان "كەسایەتیەكەی" ئەوانیشەوە بێت.

لە ولام دانەوە بە مەسەلەی "بەرەدا" رووی قسەی ئیمە لەو كەسانەیە كە لە مەیل و بۆچونیكی رەسەنەوە و بە مەبەستی كەم كردنەوەی رەنج و ئازارەكانی خەباتی خەلكی كوردستان بۆ رزگاری لە ستەم، لە پیویستی و ئیمكانی پیك هینانی بەرەیەكی كوردستانی دەكولنەوە.

پیش هەموو شتیك راستی‌یەكی حاشا هەلنەگر ئەوەیە كە كوردستانیش وەكوو هەر شوینیكی دیكە كۆمەلگایەكی چینایەتیە و ئەو راستی‌یە لە هەموو لایەنەكانی ژیانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و كۆمەلایەتی كوردستانیش دا رەنگی داوەتەوە و بە ئاشكرا دەبیندرێ. مەیل و بوچونی جیاواز و بەرژەوەندی سیاسی و مەنفەعەتی مادی جیاواز تیی‌دا بە شیوەیەكی سروشتی لە ئارادایە و هەر ئال و گور و هەر هەلویستی سیاسی بە شیوەیەك لە شیوەكان نیشانەی ئەو جیاوازیانەی پیوە دیارە. لەو كۆمەلگایەدا ریكخراوی سیاسی جۆراوجۆر بە ئیدئولوژی و بەرنامە و ستراتیژی جیاوازەوە پیك هاتوون و پیك دێن. هەر ریكخراویكی سیاسی هەر كەسایەتی ناسراو و روناكبیریك هەر كۆر و كۆمەلیك، خۆی بزانی یان نەزانی، یان تەنانەت جاری وا هەیە سەرەرای ئیرادەی خویشی و پیش ئەوەی كە ببی بە ئامرازی راستەوخۆی چینیك، یان چینیكی كۆمەلایەتی ئەو بە نوینەری خۆی بزانێ، بە خزمەت كردن بە بەرژەوەندیكی چینایەتی دیاری كراودا خۆی دەبینێتەوە.

خەباتی چینایەتی بەشیكی جیا نەكراوەی ژیانی كۆمەلایەتیە، بەلام خەباتی چینایەتی كیشەی نیوان ئەو لایەنانە نیە كە بەناوی چینەكانەوە یان بە لایەنگری لەوانەوە قسە دەكەن بەلكو كیشمەكیشیكی بەرین و واقیعی نیوان خودی چینە كۆمەلایەتیەكانە كە بە بی‌پسانەوە

بروانە لاپەرەی ٢

## وتوویژی رۆژنامەی النهار لەگەل هاوری حەسەنی شەمسی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە

**رۆژنامەی عەرەبی زمانی النهار وتوویژیكی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئیستای ئیران و كوردستان لەگەل هاوری حەسەنی شەمسی نوێنەری كۆمەلە لە دەرەوەی ولات كردوە. ئەوەی لەژیرەوە دەیخویننەوە دەقی ئەم وتوویژەیە.**

***النهار:*** *وەزعی ئیوە ئیستا چونە؟ هەلسەنگاندنی ئیوە لە وەزعی ئیران بەتایبەت بەدوای هەرەشەكانی ئامریكادا چی‌یە؟*

**حەسەنی شەمسی:** بەهۆی ئەوەوە كە خەباتی جەماوەری خەلك لەسەراسەری ئیران لەدژی كۆماری ئیسلامی پەرەی ساندوە، چالاكی سیاسی ئیمەش لەشیوەی جۆراوجۆری ئاشكرا و نهینی زیادی كردوە و هەر بەو پی‌یە خەباتی سیاسی لە ناوەوەی كوردستانی ئیرانیش یەك هەنگاو بەرەوپیش چوە.

بەشیك لە چینی مام ناونجی لەئیران هیوایەكی زۆری هەیە كە لەریگای دەست تیوەردانی ئامریكاوە كۆماری ئیسلامی برۆخی، بەلام چینی سەرمایەدار لەگەل ئەوەش دا كە دژی دەست تیوەردانی ئامریكا نیە بە نیگەرانیەوە دەروانیتە ئاكامەكانی ئەم دەست تیوەردانە و بە پاریزەوە لایەنگری لە سیاسەتەكانی ئامریكا دەكات. چینی كریكار و روشنبیرانی دیموكرات و چەپ هیوایان بە دەست تیوەردانی ئامریكا نیە و چاوەرێ ناكەن كە لە بەرژەوەندی كۆمەلانی خەلكی ئیران بێت. چینی كریكاریش لە ئیران

بروانە لاپەرەی ٢

## بەیانیەی کومیتەی ناوەندی کۆمەلە بەبونەی ٢٨ی مورداد، ساڵرۆژی دەرکردنی فەرمانی هیرشی خومەینی بۆسەر کوردستان

٢٤سال لەو رۆژە تیپەر دەبی كە خومەینی لە سالی ١٣٥٨دا فەرمانی هیرشی سەراسەری بۆسەر كوردستان دەركرد. لەو تاریخە بەولاوە زمانی كۆماری ئیسلامی لەگەل خەلكی كوردستان، زمانی زۆر و مەنتقەكەیشی بریتی بوە لە سەركوت و كوشتار، ولامی خەلكی كوردستانیش مقاومەت و تەسلیم نەبوون بوە. حەرەكەتیك كە ئەو رۆژانە لەژیر ناوی بزووتنەوەی مقاومەت بەرپا بوو و بوە بزووتنەوەیەكی جەماوەری، سەرەرای پاشەكشەیەك كە لە بواری نیزامی‌دا پیی تەحمیل كرا، تا ئەمرۆش هەروا زیندووە و لەسەر خواستی پیشرەو و حەق تەلەبانەی پی‌دادەگری. لە ماوەی ئەم سالە دوور و دریژانەدا خەلكی كوردستان لە سەنگەرە جۆاروجۆرەكانی مقاومەت و خەباتی سەرسەختانەدا، گەلیك تەجرەبەی بەنرخیان بەدەست هیناوە و ئاگری خەباتی شورشگیرانەیان لە كوردستان هەروا گەرم و گور راگرتوە.

كۆمەلە بە شناختیك كە لەو دەورەیەدا لە ناوەرۆكی جەرەیانی ئیسلامی و لە حكومەتیك كە بە ریبەری خومەینی لە حالی شكل گرتن دا بوو، هەیبوو، هەولی‌دا تا لەریگای ریكخراوە جەماوەی‌یەكان و بە رەوشەنگەری سیاسی، خەلكی كوردستان بۆ رووبەروو بوونەوە لەگەل هیرشیك كە هەموو شەواهد ئەوەی نیشان دەدا كە لە ئان و سات دایە، ئامادە بكا.

ئامانجی ئیمە ئەوە بوو كە خەلكی كوردستان باوەر بە هیزی خۆی بكا بۆ مقاومەت لە بەرانبەر رژیمیك دا كە بەناوی شورش، دەستی دابوە سەركوتی شۆرشی ئیران. كوچی میژوویی خەلكی مەریوان، مانگرتنی یەك مانگەی شاری سنە، ری‌پیوانەكان و خۆپیشاندانە بی برانەوەكان لەشارە جۆراوجۆرەكان كە لەلایەن كۆمەلەوە ریك دەخران، هەموویان لە راستی‌دا تەداركی مقاومەتیان لە بەرانبەر هیرشیكی چاوەروان كراودا دەدی كە رژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتوو بە نیاز بوو بیكاتە سەر كوردستان. دەعوەت كردنی كریكاران، ژنان، دیهقانانی فەقیر و لاوان بۆ ریكخراو بوون، پیك هینانی جەمعییەتەكانی دیفاع لە دیموكراسی لە كوردستان، بنكەكانی گەرەكەكان و شوورای شارەكان، هیدایەت كردنی وتوویژەكانی

بروانە لاپەرەی ٤

به ئاشکرا و به نەهینی بەردەوام له ئارادایه. ئەو خەباته ریگا و ریکخراوی خۆی دەدوزیتەوه، بەپیی رادەی وشیاری چینایەتی و بەپیی هاوسەنگی هیز لەم یان لەو قوناغ دا شکل و شیواز و ئەولەوییەتەکانی دەگوردریٚ، بەلام به پیك هینانی هیچ "بەرە" و "ئیتلاف" و "هاوکاری و هاوئاهەنگی"یەك دەرگای لەسەر داناخریٚ.

حاشا کردن لەو راستیانەی سەرەوه بۆچونیکی ناسراوه که ژیانی کۆلەمەرگی خەلکی کریکار و هەژار و بەش مەینەت به چارەنوسی چارهەلنەگری ئەوان دەزانی، پەیوەندیەکانی زالمانەی سەرمایەداری به ئەزەلی و ئەبەدی دادەنیٚ و بەکردەوه له خزمەت پاراستنی وەزعی مەوجود دایه.

هەبونی ستەمی نەتەوایەتی و بزوتنەوه بۆ لابردنی ئەو ستەمه له کوردستان ئەو تایبەتمەندییه که دیٚتە ناو ئەو باسەوه، خەبات بۆ وەدەست هینانی ماڤ دیاری کردنی چارەنوس له کوردستان خەباتیکی بەهیزی کۆمەلایەتیه، ئەو مافەی که بەزەبری چەك و سەرکوت له خەلکی کورد زەوت کراوه. جینایەتەکانی رژیمی شا و رژیمی کۆماری ئیسلامی له کوردستان مەیلیکی بەرینی یەکگرتویی خوازی له بەرانبەر دەولەتی مەرکەزیدا لەناو کۆمەلانی خەلکی کوردستان پیك هیناوه. کۆمۆنیستەکانی کوردستان چاو لەو راستیه ناپوشن و لەم بارەوه خۆیان به بەرپرس دەزانن و هەول دەدەن ولام و ریگا چارەی گونجاوی بۆ بدۆزنەوه.

مەسەلەکه بەشیوەیەکی کونکریت ئەوەیه چۆن و له چ ریگایەکەوه دەکری ئەوەندەی که ئیمکانی هەیه ریگا نەدەین بەوەی که رژیم له کەلین و کەلەبەرە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی ناو کۆمەلگای کوردستان بۆ له بار بردنی ئەو بزوتنەوه جەماوەریەی که بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی له ئارادایه کەلك وەربگریٚ. ولامی کاریگەر و ئوسولی بەم پرسیاره بۆ کۆمەله وەکوو هیزیکی کۆمۆنیست له کورستان پیویستییەکی گرینگی سیاسیه.

بۆ دۆزینەوەی ولامی ئەم پرسیاره پیویسته بزانین ریگاکانی کەلك وەرگرتنی کۆماری ئیسلامی له کیشه و ناکوکیکانی ناو کۆمەلگای کوردستان کامانەن که پیویسته به کاری وشیارانه و به گرتنه پیشی سیاسەتی ئوسولی بەربەست بکرین.

گومان لەوەدا نیه که ئەمرۆکه بورژوازی کورد وەکوو چینیکی کۆمەلایەتی پیگەی حکومەتی مەرکەزی له کوردستان و بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەل بەرژەوەندیەکانی چینی سەرمایەدار له هەموو ئیران گونجاندوه و له ئاستیکی ئیرانیدا قازانجی خۆی دابین دەکات و ئەگەر کیشەیەکیشی هەبیٚ له چوارچیوەی بزوتنەوەی ئیسلاحاتی بورژوایی له ئیران دا خۆی دەبینیتەوه. که وایه باس دیته سەر مەرجەکان و ریگاکانی هاوکاری لەنیوان هیزه سیاسیەکانی ئوپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی.

– سوننەتی خەباتی چەکدارانه و هەبوونی حیزبی چەکدار مەترسی تیك هەلچونی چەکدارانه و دەست بردن بۆ چەك له کیشەی سیاسیدا دەخولقینی. مەترسییەك که کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەولی داوه زەمینەی بۆ برەخسینی و به کردەوەش ئاورەکەی باوەشین بکات، ریگای ئەوەی که نەهیلین ململانیی سیاسی نیوان هیزەکان له کوردستان بگوازریٚتەوه بۆ بەرەو روبونەوەی چەکدارانه کامەیه؟ هەموو میژوی واقعی کوردستان به شاهیدی سەدان بەلگەنامەی حاشا هەلنەگر ئەو راستیەمان پیدەلیت که پابەند بوون به سەرەتای ئازادی بیقەید و شەرتی سیاسی و بەرەسمی ناسینی ماڤ راستەوخۆی دەسەلات داریەتی بۆ جەماوەر، ریگایەکی کاریگەره بۆ ئەوەی هیزه سیاسیەکانی چەکدار له کورستان کیشەکانی سیاسییان نەبەنه مەیدانی بەرەو رووبونەوەی چەکدارانەوه.

کەوایه لیرەوه دوو مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی هیزه سیاسییەکان دژ به کۆماری ئیسلامی له کوردستان نەك هەر ریگا به مانوری رژیم له کیشەکانی ناوخۆی کۆمەلگای کوردستان دا نەدەن، بەلکو زەمینه بۆ کاری هاوئاهەنگ و بەهیزکردنی بزوتنەوەی جەماوەریش برەخسینن، روون دەبیٚتەوه.

سەلماندنی ئازادی بیقەید و شەرتی سیاسی له کوردستان، بەلینیدان بۆ بەریوەبردنی بەکردەوه، مەحکوم کردنی هەر چەشنه تیك هەلچونیکی چەکدارانه و پیك هینانی هەل و مەرج و میکانیزمیك که جەماوەری خەلك له مەترسی وەها روداوگەلیك رزگار کات.

– ریگا دەستیکیتری کۆماری ئیسلامی بۆ نانەوەی کیشه لەناو کۆمەلگای کوردستان دا هەول دان بۆ پەیوەندی گرتنی ژیربەژیر لەگەل ئەم و ئەو بەناوی وتوویژەوه بوه. لەگەل ئەوەش دا هەرگیز به مانای واقعی وشه وتوویژی لەگەل هیچ هیزیك نەکردوه، بەلام بەردەوام هەر دەورەیەی به مەبەستیك و بۆ ئامانجیکی دیاری کراو و کورت ماوه کایەی بەم مەسەلەیه کردوه و له هەولی پیلان گیران لەژیر ئەو ناوەدا بوه و تۆوی ئەو خوشباوەریەی لەناویان دا چاندوه و به خەیالی خاوی وەکوو ئەوەی که گویا رۆژیك له رۆژان دەسەلاتی خۆی له کوردستان لەگەل ئەوان بەش دەکات، ئەم بار ئەو باری پیٚ کردون. هەر بۆیه سەلماندن و راگەیاندنی ئەو سەرەتایه که وتوویژ لەگەل دەولەتی مەرکەزی مەسەلەیەکی حیزبی نیه و پیوەندی به ماف و ئامانجی هەموو جەماوەری خەلکی کوردستانەوه هەیه و نابیٚ به بیپرس و به بیدەخالەت دانی کاریگەری ئەوان بەریوه بچی، مەسەلەیەکی گرینگه. هیچ هیزیك بۆی نیه به تەنیایی چ به ئاشکرا و چ به نەهینی، خۆی پی بنیٚته ئەو قوناغەوه. روون کردنەوەی پیش مەرجەکان و میکانیزمی دەست پیکردنی وەها پروسەیەکی ئیحتمالی به مەبەستی نزیك کردنەوه و پیك هینانی هەل و مەرجی بەهرەمەندی له ماڤ چارەی خۆ نووسین بۆ خەلکی کوردستان.

ئەمانەی که باس کران مەرجی دەست پیکردنی گوفتوگو و دیالوگ بۆ شکل پیدان به هاوکاری و هاوئاهەنگی لەنیوان هیزەکانی هەلسوراوی مەیدانی خەباتی سیاسی و کۆمەلایەتی کوردستان لەدژی رژیمی کۆماری ئیسلامین. به بیسەلماندنی ئەوانه وەکوو سەرەتا، هاوکاری لەژیر ناوی بەره یان هەر ناویکیتردا ناتوانی مانایەکی بەکردەوەی هەبیٚ و هەر له چواچیوەی پروپاگەنده و وتەی بیناوەرۆك دا دەمینیٚتەوه.

سەلماندنی ئەوانەی وا له سەرەوه باس کران سەرەتان بۆ دەست پیکردنی دیالوگ و بۆ هەلسەنگاندنی زەمینەکانی هاوکاری. کەند و کۆسپی دیکەش هەیه که پیویسته وەلا بندریٚن. بۆ وینه ئەو هیزانەی که قسه له هاوکاری دەکەن پیویسته له سیاسەتی بەکردەوەی خویاندا نیشانی بدەن که پشتیان به هیزی جەماوەر بەستوه و رزگاری یەکجاری و راستەقینەی خەلکی کوردستان له ستەمی نەتەوایەتی له ئاکامی خەبات و راپەرینی راستەوخۆی جەماوەردا دەبینن، پیویسته نیشانی بدەن که نەتەوه پەرەستیکی دەمار گرژ و بەرچاو تەنگ نین و دژ به نانەوەی تۆوی نەفرەت و دوژمنایەتی رەگەزین و دژی ماڤ یەکسان بۆ ژن و پیاو نین و.... ■

پاشماوەی وتوویژ لەگەل ...

هەستی بەوه کردوه که لەژیر دەسەلاتی رژیمیکی سەر به ئامریکادا وەزعی ئەوان لەوەی که هەیه باشتر نابی.

بەلام به براوی ئیمه ئامریکا خۆی پلانیکی بۆ روخاندنی کۆماری ئیسلامی نیه و تەنیا دەیهەوی ئوپوزیسیونی ئیرانی وەکوو ئامرازی زەخت و فشار بەکار بینی بۆ ئەوەی له کۆماری ئیسلامی ئیمتیاز وەربگریٚ و له چەند بواریکی دیاری کراودا ناچار به پاشەکشەی بکات. بالی راستی کۆماری ئیسلامی کیشەکانی لەگەل ئامریکا زۆر قوول ناکاتەوه و لەکاتی لەباردا سازشی پیویستی لەگەل دەکات. ئەوان دەیانهەوی وەها سازشیك که پیویسته بکری بەدەستی خۆیان و لەلایەن خۆیانەوه بکری نەك به هۆی بالی ریفورم خوازەوه.

*__النهار__: پاش نیشتنەوەی تەپ و تۆزی شەری ئامریکا لەعیراق، ئامریکاییەکان هەولیان داوه که ریکخراوه غەیره عیراقیەکان بخاته ژیر نفوز و دەسەلاتی خۆی بۆ ئەوه به قازانج و بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی خۆی کەلکیان لی وەرگریٚ. ئیوه لەو معادلەدا چونن؟*

**حەسەنی شەمسی**: بەداخەوه هیندیك ریکخراوەی کوردی هەن که به دەم سیاسەتی ئامریکاوه چوون وبەم کارەی خۆیان زیانیکی گەوره به دوارۆژی خەباتی خەلکی کورد دەگەیەنن. بەلام پیویسته لەسەر دوو نوکته تەئکید بکەم:

یەکەم: هەرچی زەمان زیاتر تیپەر دەبی لەروی ئەزمونی دەوروبەر بۆ خەلکی کورد له کوردستانی ئیران زورتر روون دەبیتەوه که ئامریکا ناتوانی و نایهەوی یارمەتییەك به چارەسەری عادلانەی کیشەی کورد له رۆژهەلاتی ناوەراست بدات و ئەمرۆ که بەشیکی بەرچاو له بیرورای گشتی له کوردستانی ئیران به سیاسەتی ئامریکا لەسەر کیشەی کورد و تەنانەت لەدژایەتی کردنی لەگەل کۆماری ئیسلامیش بیباوەرن. هەر بۆیه لام وایه ئەو ریکخراوه سیاسیانەی که ئەم ریبازەیان هەلبژاردوه تەنانەت خۆشیان وەکوو ریکخراویش قازانجی تیدا ناکەن.

دووهەم: ئیمه هەر له سەرەتاوه دژی هیرشی ئامریکا بۆ سەر عیراق بووین و پیمان وابوو که رزگار بوونی راستەقینه له چنگ دیکتاتوریەت و بونیادنانی عیراقیکی ئازاد و ئاوەدان و گەیشتن به ئاسوودەیی و بەرابەری له عیراق که ئاواتی کۆمەلانی چەوساوه و ستەم لیکراوی ئەو ولاتەیه بەهیزی وشیار و ریکخراو و به راپەرینی جەماوەری خۆیان دەکری و بەرژەوەندی خەلك و ئامریکا له کیشەیان لەگەل رژیم وەکوو یەك نیه. هەر بۆیه ئیستاش ئیمه لەو بەرەیەدا نین که بەپیی بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا هەلس و کەوت دەکات، بەلام نه پیش شەر و نه دوای شەر ئیمه لایەنگری بەرەوروو بوونەوەی چەکدارانه لەگەل هیزەکانی ئامریکا نەبووین و نین. بەلکوو وتومانه که پیویسته هەموو راستیەکان سەبارەت به سیاسەتی ئامریکا به خەلك بوتری و خەباتیکی سەربەخۆی جەماوەری و ریکخراو بۆ بەدیهینانی ئاواتەکانی گەلی کورد و هەموو گەلانی عیراق له ئەوپەری سیاسەتی ئامریکادا بکەویته ریٚ.

جەماوەریك که بۆ ئازادی خۆی خەبات دەکات له رەوتی بەرەوپیش چوونی ئەو خەباتەیدا خۆشی بۆ بەدەستەوه گرتنی دەسەلاتی دواجار به چەکی وشیاری

بروانه لاپەرەی ٣

## پاشماوەی وتوویژ لەگەڵ ...

و ریکخراو بوون تەیار دەکات و لەوەها حالەتیك دا ئەو وەزعە پیش نایەت کە ئیستا لە عیراق لە کایەدایە.

*__النهار:__ لەلایەن ئامریکاوە هوشدار و ئاگاداری ئاشکرا بە موجاهدینی خەلك دراوە سەبارەت بە پیوەندی‌یان لەگەل ئامریکا. ئاخۆ ئەمە ئیوەش دەگرێتەوە؟*

**حەسەنی شەمسی:** لام وایە ئامریکا لەدریژ ماوەدا لەژیر ناوی ئیستا و سەرکردایەتی ئیستایان دا هیچ هاوکاری‌یەك لەگەل موجاهدین خەلق ناکات و موجاهدین لەناو سیاسەتی ئامریکادا لەدژی کۆماری ئیسلامی جیگایەکیان نابێ، بەلام مەسەلەی کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەو تایبەتمەندیە خۆی لە سیاسەتی ئامریکا بەرانبەر بە ریکخراوە کوردی‌یەکانیش دا دەبینیتەوە. ئامریکا راستەوخۆ دژیان نابی، بەلام بەلینیەکانی لەبیر دەباتەوە، پشتیان تی‌دەکات. لە سەرکوت کردنیان بەهۆی دەولەتەکانی ئیقلیمی چاوپوشی دەکات و هی‌تر!

*__النهار:__ دەزگا راگەیاندنە گشتیەکان ئیشارە دەدەن بە نەقشەی ئامریکا بۆ کۆکردنەوە و یارمەتی‌دان و پشتیوانی لە ئوپوزیسیونی ئیرانی لە دەرەوە. ئیوە ئەوە چون دەبینن، ئاخۆ ئەم کۆکردنەوە و یارمەتی‌یە ئیوەش دەگرێتەوە؟*

**حەسەنی شەمسی:** بە بروای ئیمە ئەمجۆرە پشتیوانی و یارمەتیە تاکۆ ئیستا زۆرتر بۆ گروپە مللیەکان بوە، بەپیی مەعلوماتی ئیمە نە گروپە کوردەکانی لایەنگری ئامریکا و نە باقی موعارزەی ئیرانی هیچ کام بە کردەوە پشتیوانیەکی بەرچاویان لی نەکراوە. ئیمە خۆمان بەهۆی سیاسەت و بۆچونیك کە هەمانە وەها پەیوەندی و یارمەتی‌یەك چاوەروان ناکەین.

*__النهار:__ کوردەکانی ئیران تەجرەبەی دوور و دریژیان لە هەلسوورانی سیاسی‌دا هەیە تەنانەت لە پیش هاتنە سەرکاری حکومەتی ئیسلامیش. ئیستا فەزای سیاسی کوردستان لە ئیران چۆنە؟*

**حەسەنی شەمسی:** لە رابردوودا سەرجەم بیروبۆچونی چەپ بەسەر کیشەی کوردا زال بوو. تەنانەت ریکخراوە راست رەوەکانیش لە مەسەلەی نەتەوایەتی‌دا فورمولاسیونەکانی چەپ یان بەکار دەهینا. وەکو ئەوەی کە کوردەکان دبی مافی دیاری کردنی چارەنووسی خویان هەبی و یان خەلکی کورد بەهیزی خەباتی خۆی رزگار دەبێ، یان ئەوەی کە لە رەوتی خەبات دژی دەولەتی مەرکەزی‌دا دەبی مەسەلەی جوتیاران و زەوی و زار چارەسەر بکرێ، ریگا بۆ بەشداری ژنان لە خەباتی سیاسی و کۆمەلایەی خۆش بکرێ، خەلکی کورد بە هاوپەیمانی گەلانی ستەم لیکراوی جیهان و لەوانە گەلی فەلەستین دەزانی و هی‌تر. سەرجەم خەباتی خەلکی کورد بۆ رزگاری ناوەروکیکی پیشکەوتن خوازانەی بەهیزی هەبوو. ئیستا ئەم لایەنانەی بزوتنەوەی خەلکی کوردستان لە روانگەی زۆربەی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان دا لاواز بوون و ئیمە هەول ئەدەین ئەمجۆرە دیمەنانە لە هەل و مەرجی تازەدا و بە لە بەرچاوگرتنی ئال و گورەکانی سەردەم، لە خەباتی گەلی کورددا زیندو کەینەوە.

لە کوردستانی ئیران بە بروای ئیمە زۆربەی خەلك لایەنگری بە یەکەوە ژیان لەگەل باقی خەلکەکان لە چوارچیوەی ولاتیك دا بە مافی یەکسان و بە ئاسوودەیین. ئەوەی کە چ شیوەیەکی بە یەکەوە ژیان یان جیابوونەوە هەل دەبژیرن پەیوەندی بە ناوەرۆکی حکومەتیکەوە هەیە کە لە تاران دیتە سەرکار.

*__النهار:__ کەسیك کە دەچیتە ئیران لە یەکەم کات دا بۆی دەر دەکەوی کە کوردەکان خۆش بین نین. بە رای ئیوە وایە؟ ئایا ئومیدیان لەدەست داوە"*

**حەسەنی شەمسی:** نا لە یەك دوو سالی رابردوودا بوژانەوەیەك کە گەلیك لایەنی رادیکال و پیشکەوتن خوازی هەیە لە بیرورای گشتی خەلکی کورد لە کوردستانی ئیران دەبینین لەباری کەلتوری و لەباری سیاسی و کۆمەلایەتیەوە. تەنانەت ریفورم خوازەکانی ناو رژیمیش هەولیان دا کەلك لەم هەل و مەرجە وەربگرن و لە کوردستان پیگەگەیەکی کۆمەلایەتی بەدەست بینن کە بە بروای من ئیستا خەباتی جەماوەری لە ئەوانیش تیپەر بوە. حیزبە سیاسیەکان و لەوانە کۆمەلەش لەناو جەماوەری خەلك دا خوشەویستن. بەلام یەك راستی هەیە ئەوەش ئەوەیە کە کوشت و بڕ و وەحشیگەری رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەکی دوور و دریژ خەلکی توقاندوە و چاوترسینی کردبوون.

*__النهار:__ دوای تیروری ژمارەیەك لە کادرەکانی سەرکردایەتی کوردەکان لە دەرەوەی ولات وا بە نەزەر دەگا کە ئیوەش هەتا هاتوە کەمتر بونەوە. هۆی چیە؟*

**حەسەنی شەمسی:** ئیمە یەکیك لە ئەندامانی ریبەریمان بە ناوی غولامی کەشاوەرز لە دەرەوەی ولات لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌وە تیرور کرا و ژمارەیەك لە ریبەرانمان لە ناوەوەی ولات تیرۆر کران یان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا گیانیان بەخت کرد. بی‌گومان ئەم رووداوانە کاریان کردوەتە سەر خەبات و هەلسورانمان بەلام کەم بوونەوەی ژمارەی ریزەکانمان لە هیزی چەکداردا کە بەرچاوە لەچاو سالانی دەیەی هەشتا هۆی سیاسی گرینگ تری هەیە و دەگەریتەوە سەر مەسەلەی سەقامگیربوونی حکومەتی ئیسلامی لە سەرتاسەری ئیران کە جیگای باسیکی دیکەیە.

*__النهار:__ بیستومانە کە لەنیوان ئەحزابی کوردی و رژیمی ئیسلامی بەنیو بژی یەکیتی نیشتمانی گفتوگوهایەك لە ئارادایە. ئەو مەسەلە تاکوی راستە و دەتانەوەی بە کویی بگەیەنن؟*

**حەسەنی شەمسی:** تا ئیستا و دوای گفتوگوکانی سەرەتای هەشتاکان هیچ کات کۆماری ئیسلامی بەرەسمی داوای وتوویژی لە هیچ لایەنیکی کوردی لە ئیران نەکردوە. ئەوەی کە جاروبار کراوە و چاو و راوەکەی بلاو بۆتەوە بریتی بوە لە کۆمەلیك پیلانی کورت ماوەی بە نهینی کە هەرجارە بە مەبەستیك داریژراوە. بۆ وینە تیروری ئەم و ئەو، نانەوەی تۆوی دووبەرەکی و کیشە لەناو حیزبە سیاسیەکان، سووك کردنیان لە بەرچاوی خەلك، شەرعییەت دان بە کاری ریفورم خوازەکانی ناوخۆی رژیم، بە بلاوکردنەوەی چاو وراوی وتوویژ پیکهینانی حالەتی چاوەروانی لەناو خەلك دا و کوژاندنەوەی ئاوری خەباتیان لە هەر دەورەیەك دا و گەلیك هۆکاری‌تری لەم چەشنە. ئەو پەیوەندیانەی کە ئیوەش ئاماژەتان پی‌کرد هەر لە پیناوی ئەمجۆرە مەبەستانەدا بوە. ئیمە بەردەوام رەتمان کردۆتەوە و سیاسەتی ئوسولی خۆمان بۆ مەسەلەی وت و ویژ بە خەلك راگەیاندوە. ئەوەی کە وتوویژ دەبی ئاشکرا بێ، لە زمانی گەورە لیپرسراوانی رژیم بە رەسمی رابگەیندرێ و لە سەرەتاوە کۆمەلیك پیش مەرج وەکوو ئازادی زیندانیانی سیاسی و گەرانەوەی تەبعیدیەکان و کشانەوەی هیزە نیزامی‌یەکان بۆ ناو سەربازخانەکانیان و هی‌تر.

*__النهار:__ پیوەندی ئیوە لەگەل ئوپوزیسیونی ئیرانی چۆنە ئاخۆ هاوکاری و لیك تی‌گەیشتن هەیە؟ ئەم بەربلاویە لە بەر چی‌یە؟*

**حەسەنی شەمسی:** ئیمە بۆ دوزینەوەی زەمینەکانی هاوکاری نیوان هیزەکانی چەپ و دیموکرات و پیشکەوتن خواز لە هەول داین بەلام بە داخەوە ئەم هەولانە زۆر بە هیواشی بەرەو پیش دەچن. رادەیەك لە هاوکاری لە نیوان هیزە چەپ و سوسیالیستەکان دا لە دەرەوەی ولات هەیە. لە ناوەوەی ولاتیش بە کردەوە هیندیك کار چ لەناو بزوتنەوەی لاوان و خویندکاران دا چ لە بزوتنەوەی کریکاری‌دا دەستی پیکردوە. بەلام دیارە لەئاستی پیویست دا نیە.

ئەم وەزعە هەم هۆی ناوخۆیی و هەم هۆی نیونەتەوەیی هەیە. هۆی ناوخۆیەکەی هەل دەگەریتەوە بۆ شورشی ١٩٧٩ لە ئیران و چونیەتی هاتنە سەکار و سەقامگیربوونی رژیمی ئیسلامی و هۆی نیونەتەوەیەکەشی هەل دەگەریتەوە بۆ تایبەتمەندیەکانی دوای شەری سارد و هاوسەنگی هیزی جیهانی.

*__النهار:__ پیوەندی ئیوە لەگەل موجاهدین چۆنە؟*

**حەسەنی شەمسی:** ئیمە هیچ چەشنە پەیوەندییەکمان بە موجاهدینی خەلقەوە نیە. لە رووی بەرنامەی سیاسی‌یەوە، لە رووی تاکتیك و شیوەی خەباتەوە، لە رووی هەلس و کەوت و پەیوەندی‌یەکانی ناوخۆی ریکخراوەیانەوە، لە رووی ئیدئولوژی و بیروباوەرەوە، لە هیچکام لەمانەدا هەست بە نزیکایەتی بۆ هاوکاری ناکەین.

**النهار:** لەگەل ئەحزابی کوردی بەعام چونن. ئایا حوزوری ئیوە لە کوردستانی عیراق لەسەر ئەساسی هاوپەیمانی و لیك تی‌گەیشتن لەگەل یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە؟

**حەسەنی شەمسی:** ئیمە لەگەل یەکیتی نیشتمانی سەرەرای جیاوازیەکانمان لە بۆچون و لە سیاسەت دا پەیوەندییەکی دۆستانەی قەدیمی‌مان هەیە و لە سالانیکی زۆر لە خەباتمان دا یارمەتی یەکترمان داوە و لە کوردستانی عیراق زۆرتر لە ناوچەیەك بووین کە ئەوان تیدا دەسەلاتدار بوون. لەگەل پارتیش پیوەندیمان دۆستانەیە بەلام مەقەراتمان تاکو ئیستا لەناوچەی ژیر دەسەلاتی یەکیتی‌دا بوە.

*__النهار:__ وەك دەلین پتر لە هەزار پەنابەری کوردی ئیرانی لەخاکی عیراقن. ئایا نەقشەیەك بۆ نیشتەجی کردنیان لە عیراق یا گەرانەوەیان بۆ ئیران هەیە؟*

**حەسەنی شەمسی:** ژمارەی ئەم پەنابەرانە نزیکەی پازدە هەزار کەسە، هەزار کەسیان لەسەر سنوری ئوردون و عیراق لە الکەرامەن، ژمارەیەکیان لە شارەکانی کوردستانن، بەشی زۆریان لە ئوردوگای ئەلتاش لە نزیك شاری رومادیە لە هەل و مەرجیکی گەلیك دژواردا دەژین. زۆربەیان بەهۆی نیگەرانی لە زیندانی بون و کوشتن نایانەوی بگەرینەوە بۆ ئیران و نە لە عیراق بە گشتی و نە لە کوردستانی عیراق بە تایبەتی هیچ پروژەیەك بۆ نیشتەجی کردنیان و یارمەتی دانیان نیە. میدیای جیهانی و ناوچەییش بە تەواوی فەراموشی کردوون. ئیمە لەم بارەوە گەلیك هەولمان داوە و هەر بەردەوامیشین، بەلام بە داخەوە نەتیجەی کەم بوە ■

## پاشماوەی بەیانیەی کۆمیتەی ناوەندی ...

سەختی نیوان نوینەرانی رژیم و خەلکی کوردستان لە جەریانی نەوروزی خویناوی سنە و کوچی مەریوان و هیتر، هەروەها بردنی ئەو باسانە لەلایەن مرەوجینی کۆمەلەوە بۆ نیو خەلك، هەموو ئەمانە چەند سەحنەیەك لەم تەدارکە سیاسی و کۆمەلایەتیيانەی مقاومەت لە کوردستان بوون. ئەم هەنگاوانەی کۆمەلە سەرەرای ئەو کارشکینییانەی کە لە خودی کوردستان لەلایەن کۆنەپەرەستان و فورسەت تەلەبانەوە دەکرا، لەلایەن زوربەی جەماوەری خەلکەوە ولامی موسبەتی وەرگرتەوە و بواری بو مقاومەتیکی سەرسەختانە رەخساند کە هیچ کات ئیجازەی ئەوەی بە رژیمی ئیسلامی نەدا ئەو جۆرەی کە خۆی دەیهەوی بەسەر کۆمەلگای کوردستاندا حکوومەت بکا.

لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگ دا، بانگەوازی کۆمەلە بۆ مقاومەتی جەماوەری نەتیجەی وەرگرتەوە و رژیمی ئیسلامی کە هیزەکانی خەریك بوو بە تەواوی تەفر و توونا بکرین، ناچار کرد بێتە پای مێزی وت و ویژ. "هەئیەتی نوینەرایەتی خەلکی کورد" بۆ ریبەری کردنی کاری وتوویژ لەگەل رژیم شکلی گرت و دەوریکی دیکە لە تاقی کردنەوەی هیز لەنیوان هیزەکانی مقاومەت لە کوردستان و رژیمی ئیسلامی لە بواریکی تازەدا دەستی پیکرد. ئاشکرا بوو کە رژیم لەدریژەی سەرکوتی سەراسەری شورش دا نەیدەویست لە بەرانبەر فەزایەکی ئازادی سیاسی و شوور و شەوقیکی خەباتگیرانە کە لە کوردستان پیك هاتبوو و رۆژانە پەرەی دەستاند، تەسلیم بێ. لەلایەکەوە خەریکی بەدەست هینانی کات لە وەختی وتوویژەکان و دووبەرەکی نانەوە لەنیو ریزەکانی خەلك و هیزە سیاسییەکان بوو و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ هیرشی سەر لەنوی بۆسەر کوردستان نەقشەی دادەرشت و خەریکی ئامادە کردنی هیزەکانی بوو. ماوەیەکی زۆری پی نەچوو کە جاریکیتر هیرشی بەربلاو بوسەر کوردستان دەستی پیکرد. بەلام ئەمجارەش کوردستان بۆ رژیمی ئیسلامی پارووەیەکی چەور نەبوو کە هەروا بە ئاسانی بتوانی قووتی بدا. ئەمرۆ ٢٤ سال دوای ئەم هیرشە، هەل و مەرج بە جۆریکە کە مووسەوی نوینەری وەلی فەقیە لە کوردستان، نیگەران لە جیگا و شوینی رژیم، دان بەوەدا دەنی کە ئەم سەرزەمینەمان بە قیمەتیکی گران بە دەست هیناوە، کەوایە بە ئاسانی لە دەستی نادەین. ئیمەش ئەوەی پی زیاد دەکەین کە جیگیر بوونی حکومەتی ئیسلامی لە کوردستان، تەنیا بە قیمەتی وەحشیانەترین سەرکوتەکان و زەوت کردنی سەرەتاییترین ئازادییەکان بەو شیوە کە خۆیان دانی پیدا دەنین، بەدەست هاتوە.

ئەمرۆ کۆمەلگای ئیران خەریکی تەجرەبە کردنی هەل و مەرجیکی تازەیە. خەلکی کوردستان هاوری لەگەل کریکاران و خەلکی ئازادیخواز لە سەراسەری ئیران، لەپیناو گورانی وەزعی ئیستا و کۆتایی هینان بە حکومەتی ئیسلامی هەنگاو دەنین. لەنیو دلی ئەم حەرەکەتە سەراسەرییەیدا بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستانیش زیندوە و کوردستان هەروا یەکیك لە کانوونە بەهیزەکانی شورش لە ئیرانە. سوننەتی زیاتر لە دوو دەیە خەباتی شورشگیرانە، جیکەوتنی سیاسەتی رادیکال لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کومەلایەتی، نفوزی بەرینی جەریانی کۆمۆنیستی لەم کۆمەلگایەدا، نەقشە داریژەرانی رەنگاو رەنگی سەر بە بالەکانی سەرمایەداری ئیران لەنیو خۆ و دەرەوە، لە ئوپوزسیون و لە نیو حکومەت دا لە بەرەیەکی رانەگەیەندراودا خستوتە پەلەقاژە تا ئاگری بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان خاموش بکەن.

ولامی رادیکال و موئەسر بە ئاوا وەزعییەتیك پیویستی بە وشیاری سیاسی و قورس و قایمتر کردنی ریزی کریکاران و خەلکی ئازادیخواز و حەق تەلەب هەیە. خەلکی کوردستان ئەم راستییەیان تەجرەبە کردوە و بەباشی دەزانن کە ئازادی دیارییەك نیە کە لە ئاسمانەوە بۆیان بێتە خوار و ئەوەی کە لەم ریگایەدا بەهیزی خۆیان بەدەستی نەهینن، بەدەست نایە. ئەو خوش باوەرییە بیبناغانەی کە بە نیسبەت دەست تیوەردانی دەرەکی بۆ بەدەست هینانی ئازادی لە کوردستان و ئیران لەنیو خەلك دا پەرەی پیدەدری، ئەو تەرحانەی کە لەلایەن بەناو ئیسلاح تەلەبانیکەوە کە لە وەزارەتی ئیتلاعاتی رژیم دا هیلانەیان کردوە، ئیرائە دەدرین، هەموو ئەمانە لە بەرانبەر گەشەی وشیاری و پەرەسەندنی خەباتی خەلکی ئاگاە و بە تەجرەبەی کوردستانەوە مەحکوم بە تیك شکانە. بزووتنەوەی شورشگیرانە سەربەخۆ لەم چەشنە دەستەندازانە، دریژە بە حەرەکەتی پیشرەوی خۆی دەدا و بە هاوریيەتی لەگەل بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکانیتر لە ئیران، سەرەنجام توماری تەمەنی رژیمی ئیسلامی تیکەوە دەپیچی.

جیی خۆیەتی بە دەر لە تۆوی گومان و دوو دلییەك کە نەیارانی ورد و درشتی بزووتنەوەی شورشگیرانە و حەرەکەتی سوسیالیستی لەم بزووتنەوەی ئەمرۆدا لەنیو خەلك دا بلاوی دەکەنەوە و، لە ٢٥هەمین سالرۆژی هیرشی رژیم بۆسەر کوردستان، دەستکەوتەکان، خالە بەهیز و لاوازەکانی بزووتنەوەی شورشگیرانە بە دیدیکی روشن و ئاسوییەکی بەرین چاوپیدا بخشینین و بە هەلسەنگاندنیکی رەخنەگرانەی کۆمەلایەتی ریگای پیشرەوی ئەم بزووتنەوەیە لە هەل و مەرجی روو لە گورانی ناوچەیی، مەنتەقەیی و جیهانی روون بکەینەوە و لەم ریگایەوە بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی بە کەمترین ئیش و ئازار و لەنزیك ترین ریگاوە هیز وەربگرین. بەریوەبردنی رەسالەتیکی ئاوا ئەمرۆ لە توانای کۆمەلەدا هەیە و پەیگیری و بە سەرەنجام گەیاندنی بە ئەرکی هەمیشەیی خۆی دەزانی. کاریك کە بە تەئکید بزووتنەوەی ئیمە لە کوردستان هەنگاویکی گەورە بەرەو پیش دەبات. لە سالرۆژی ٢٨ موردادی کۆمەلە جاریکیتر تەئکید لەسەر تەعهەهودی خۆی دەکاتەوە بۆ بەرەوپیش بردنی بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان لەپیناو بەرژەوەندی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش دا.

**سەرکەوتوو بی بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی خەلکی کوردستان**

**بژی سوسیالیزم**

**کومیتەی ناوەندی کۆمەلە**

نیوەی دووهەمی مانگی موردادی ١٣٨٢ی هەتاوی

ریکەوتی نیوەی ئەوەلی مانگی ئووتی ٢٠٠٣ی زایینی

## پاشماوەی لایحەی تازەی مەجلیس ...

راگرتنی ژنان دا. مەگەر دەکری لە مەجلیسیك دا دیفاع لەماق ژنان بکری کە نوینەرانی بۆ ئەوەی کە بتوانن بچنە ئەو شوینە دەبی بە کردەوە بە ئیسپاتیان گەیاندبی کە باوەریان بە قانوونی ئەساسی، ئەسلی وەلایەتی فەقیە و ئیسلام هەیە کە سەرتاپای دژ بە ژنانە؟

ئاخوند مەکارمی شیرازی بە دروستی ئاماژە دەکات کە پەسەند کردنی ئەم لایحەیە لەگەل بایەخ و بەها ئیسلامییەکان دژایەتی هەیە، مافەکانی ژنان و ئازادی و سەربەخۆییان لەگەل بنەماکانی ئیسلام و پیاوەمزنی و رژیمی ئیسلامی لە دژایەتی تەواو دایە، بۆیە بەم هۆیە کۆماری ئیسلامی هیچ کات ناتوانی ئیدعای پشتیوانی لە مافەکانی ژنان بکات. ئەو شانۆگەریە گالتەجارانەیەی کە ئەمرۆکە مەجلیسی شورای ئیسلامی بەناوی ئیسلاح خوازی، بۆ دیفاع کردن لە مافەکانی ژنان وەریی خستووە، لەدریژەی ئەم هەولە فریوکارانەیەی تا ئیستای بالی ئیسلاح خواز دایە بۆ بەلاریدا بردنی خەباتی ژنان و چەواشەکاری لە بیوورای گشتیدا.

مورەی سەرەکی ئەم بالە واتە خاتەمی سەرۆك کۆمار ناتوانی ئەو ئیدعایە بکات کە لە فکری هینانە ئارای مافەکانی ژنان دایە، چونکە ئەگەر وابایە نیوی یەك ژنی لە لیستی کابینەکەیدا دەگونجاند. ئیستا لە ١٠ هەزار بەرپرسی دەولەتی تەنیا ٣ کەسیان ژنن. تەواوی ئەو ئیدعایانەی کە خاتەمی سەبارەت بە بەرەوپیش چوونی بزووتنەوەی ژنان دەیکرد پوچ و بێناوەرۆك بوون.

رزگاری ژنان لە سەرجەم یاسا و ریسا دواکەوتوە ئیسلامی و مەزهەبییەکان تەنیا لە گرەوی ریکخراو بونی سەربەخۆ و خەباتیکی شیلگیرانەی ژنان بە هاوپشتی پیاوانی ئازادیخواز و بەرابەری تەلەبە. بزووتنەوەی ژنان دەتوانی لە ئاوا زەرفیەتیك بەرخوردار بێ کە بە گژ ریشەی سەرجەم بێمافییەکانی خۆیدا بچیتەوە. بزووتنەوەی ژنان بۆ ئەوەی کە بە سەرکەوتن بگات دەبی خۆی لەگەل بزووتنەوەی کریکاری و جەماوەری و بەرابەری خوازانە جوش بدات.

بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی دەبی خەباتی سەربەخۆی ژنان بە بەشیك لە خەباتی رۆژانەی خۆی بزانیت و بۆ بە سەرەنجام گەیاندنی پال پشت و هاوریی بیت. هەلسووراوانی بزووتنەوەی ژنان دەبی بزووتنەوەی سەربەخۆی ژنان لەگەل خەبات و بزووتنەوەی چینایەتی کریکاران، روناکبیرانی شۆرشگیر، و جەماوەری بەرابەری تەلەب یەکگرتوو بکەن و بە وشیارییەوە خۆیان بۆ رزگاری یەکجاری، سازماندراو ئامادە بکەن.

ژنانی ئیران ئیتر نابی ببن بە پلیکانی بە دەسەلات گەیشتنی هیچ ئاخوند و بالیکی بورژوازی، پاوانخواز یان ئیسلاح خواز. تەجرەبەی دەنگدانی ئەوان بە خاتەمی و ئیسلاح خوازان نیشانی دا کە هیچ کام لە دار و دەستە ئیسلامی و مەزهەبی و پیاوسالارەکان ناتوانن لە خزمەت بە قازانج و بەرژەوەند و رزگاری ژنان دا یەك هەنگاو هەلبگرن، بەلکو ریگریشن. رزگاری ژنان تەنیا بەدەستی خۆیان و بە خەباتی لیبراوانەی هاوبەشیان لەگەل پیاوانی هاوبیریان بەدەست دیت، رزگاری ژن پیش شەرتی رزگاری هەر کۆمەلگایەکیشە لە ستەم و چەوسانەوە ■

# لایحەی تازەی مەجلیس، لابردنی تەبعیز لەسەر ژنان، یان هێشتنەوەی

ڕۆژی چوارشەممە ریکەوتی یەکەمی مانگی گەلاویژ لایحەی پەیوەست بوونی ئیران بە کونوانسیونی نەهیشتنی هەلاواردن لەسەر ژنان لەلایەن زۆربەی نوینەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی‌یەوە پەسەند کرا.

جیگای باسە کە لە جەلەسەیەکی عەلەنی‌دا کە بۆ پەسەند کردنی ئەم لایحەیە پیك هینرابوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە هەوالنیرانی ژن بەشدار بوون. پەسەند کردنی ئەم لایحەیە ئیجازە بە دەولەت دەدات کە بە کونوانسیونی نەهیشتنی هەلاواردن لەسەر ژنان پەیوەست بێ.

پەسەند کردنی لایحەی ناوبراو بوە هۆی ئەوەی کە بالی پاوانخواز و لەسەرەوەی هەموان شەخسی خامنەیی لە ریگای جۆراوجۆرەوە دژکردەوە لە خۆیان نیشان بدەن.

ڕۆژنامەی "رەسالەت" کە سەر بە بالی پاوانخوازی ناو دەزگای دەسەلاتداریەتی ئیرانە، بە سەردیری گەورە، هەلویستی مورە بەناو بانگەکانی ئەو بالەی کە لەدژی ئەم لایحە پەسەند کراوەی مەجلیسە، چاپ و بلاو کردۆتەوە.

"موکارمی شیرازی" لە روحانیە بە دەسەلاتەکانی ئیستا و سەردەمی پاشایەتی و مامۆستای حەوزەی عیلمیەی قوم لەدژی لایحەی پەیوەست بوونی ئیران بە کونوانسیونی نەهیشتنی هەلاواردن لەسەر ژنان کە پەسەند کرا رایگەیاند کە: خالە جۆراوجۆرەکانی ئەم کونوانسیونە بە ئاشکرا بە پیچەوانەی شەریعەتی ئیسلامن و ناکری موافقەتیان لەگەل بکری. ئەگەر خالەکانی ئەم کونوانسیونە لە ولاتی ئیمە بە کردەوە دەربین، ئیمە شاهیدی لیك هەلوەشانی بنەمالەکان، چونەسەری رادەی تەلاق و جیابوونەوە، بێ‌سەرپەرەست بوونی منالان و گەلیك دیاردەی دیکە دەبین.

پەسەند کردنی ئەم لایحەیە نە تەنیا لەنیو دەزگای دەسەلاتداریەتی‌دا بەلکو لە دەرەوەی دەسەلاتیش دا دژکردەوەی جۆراوجۆری لەدژی خۆی هەلخراند. چونکە ئەم لایحەیە نیوە و ناتەواوە تا رادەیەك بایەخە ئیسلامی و پیاومەزنەکان دینێتە ژیر پرسیارەوە و بەرژەوەندی پاریزەرانی ئەم نەزمە دەخاتە مەترسیەوە. کۆمەلی ئیسلامی دانشجویان، پەسەند کردنی لایحەی ناوبراویان بەکاری ژمارەیەك کەسی ساویلکە لەقەلەم دا و وتیان ئەم لایحەیە لەگەل سوننەت و بایەخە ئیسلامیەکان لە دژایەتی تەواو دایە.

کۆمەلی ئیسلامی دانشجویان، کە نهادیکی دەولەتی‌یە و لەگەل خواستە رەواکانی دانشجویان دژایەتی هەیە، ویرای ئەوەی کە بە شیوەیەکی جیددی داوایان لە شورای نیگابان کردوە کە ئەم لایحەیە پەسەند نەکات، داوایشی لە مەجلیس و نوینەرانی مەجلیس کردوە کە بەرلەوەی ئەم لایحەیە لەلایەن شورای نیگابانەوە تاوتوی و رەت بکریێتەوە، بۆ خۆیان وەری بگرنەوە.

لەنیو ئەم کردەوە و دژکردەوانە سەبارەت بە پەسەند کردنی ئەم لایحەیە، ژمارەیەك لە لایەنگرانی بالی ئیسلاح خواز و ئەو کەسانەی کە چەپلەیان بۆ پەسەند کەرانی ئەم لایحەیە لێ داوە هەولیان ئەوەیە کە هۆی دژایەتی پاوانخوازان هەلگەریننەوە سەر ئەوە کە ئەوان بەهۆی روانگە و بۆچونی پیاومەزنانەیان دژایەتی ئەو لایحەیە دەکەن.

ئەو کەسانە دەیانهەوی وابنوینن کە ئیسلام هیچ چەشنە دژایەتی‌یەکی لەگەل مافەکانی ژنان نیە، بەلکو ئەوە فەرهەنگی پیاومەزنانەی زال بەسەر کۆمەلگادایە کە خۆی کیشاوەتە ناو یاساکانی کۆمەلگا و دژایەتی لەگەل خواستی بەرابەری ژن و پیاو دەکات.

سەرڤ نەزەر لەوەی کە خالەکانی کونوانسیونی نەهیشتنی هەلاواردن لەسەر ژنان بەپیی قازانج و بەرژەوەندی نیزامی سەرمایەداری داریژراون و بەپیی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ئەم نیزامە دژی ئینسانی‌یە دەروانیتە مەسەلەی ژنان و مافەکانیان، دەبی ئەوەش بلیین کە بە پیچەوانەی بۆچونی کەسانیك کە هۆی نابەرابەری ژن و پیاو تەنیا لە دید و روانگەی پیاومەزنانەوە لیك دەدەنەوە، مەزهەب و لەوانە مەزهەبی ئیسلام و پیاومەزنی و روانگەی دژی ماڤ ژنان لەو دیاردانەن کە بەبێ یەکتر مانا نادەن و پیکەوە زۆرترین نەقشیان هەبووە لە ژیردەستە راگرتن و زەعیفە لەقەلەم دانی ژنان. ئەم راستی‌یە لە سەرەتای دیرەکانی لایحەی کونوانسیونی لابردنی هەلاواردن لەسەر ژنان بەم شیوەی خوارەوە خۆی دەنوینیت.

یەکەمین شەرتیك کە نوینەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی (بالی پاوانخواز) ئیسراریان لەسەر کرد، هاوسو بون و ویك چونی خالەکانی ئەم کونواسیونە لەگەل یاساکان شەرعی ئیسلامە. هینانی ئەم خالە لە سەرەتای ئەم لایحەدا، بە پلەی یەکەم پابەند بوونی بەناو نوینەران و مەجلیسی شورای ئیسلامی بە یاساکانی شەرعی ئیسلام نیشان دەدات کە لە ئەساس و بنەرەتدا دژی ژن و پیاو سالارە و ٢٤ سالە کۆماری ئیسلامی بەم یاسایانە قەساس و بێ‌ماڤ ژنان بەریوە دەبات و لە لایەکی دیکەوە دەستی ئورگانە مافەوقی قانونی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی وەك شورای نیگابان و مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام بۆ رەدکردنەوەی ئەم لایحەیە ئاوەلا دەهیلیتەوە، کە بێ‌گومان ئەم لایحەیە بە پیچەوانەی شەرعی ئیسلام لەقەلەم دەدەن و رەدی دەکەنەوە.

هەروەها نوینەران و دەنگدەرانی ئەم لایحە لە مەجلیسی شورای ئیسلامی‌دا، دەنوسن: بەپیی شەرتی ئەم پەسەند کراوەی مەجلیس، کۆماری ئیسلامی ئیران، خۆی بە بەرپرس لە بەریوە بردنی خالی یەکەمی مادەی ٢٩ی کونواسیون لە چارەسەر کردنی ئیختلاف و ناکوکی لە ریگای دادوەری یا راپرسی بە دیوانی نیونەتەوەیی دادگوستەری نازانیت.

ئەم خالەش بە ئاشکرا و بێ‌پەردە دژ بە ژنان و مافەکانیانە. ئەگەر ماڤ ئینسان بە ژن و پیاوەوە بەرابەرە و ئەگەر داسەپاندنی بێ‌ماڤ بەسەر ژناندا ناحەق و نارەوایە، بۆچی کۆماری ئیسلامی دەبی بە تەنیا ئەسپی خۆی لەدژی ژنان رکیف بدات و بە ناوەندە جیهانی و نیونەتەوەیی‌یەکان جواب دەرەوە نەبیت؟ تەنیا هینانی ئەم دوو بەندە لەم لایحەدا دەستی قانوون داریژەران و بەریوەبەرانی قانوون لە ئیراندا لەدژی ژنان ئاوەلا دەهیلیتەوە کە هەروەك جاران بەپیی شەرعی ئیسلام و فەرهەنگ و یاسای پیاو سالار دژی ئینسانی‌ترین رەفتار لەدژی ژنان بەکار بەرن. لەلایەکی‌دیکەوە بە ئاشکرا نیشانی دەدات کە تەسویبی ئەم لایحە لە مەجلیس لەلایەن پیاوان و ژنانی موسلمان و بروا بە قانوونی ئەساسی و وەلایەتی فەقیە، نە بۆ کۆتایی هینان بە بێ‌عەدالەتی و ستەم و هەلاواردن لەسەر ژنان، بەلکو بۆ خۆل لەچاوی ئەوان کردن و ئیستفادەی ئەبزاری لەژنان بۆ دەنگ کۆکردنەوە لەدەوری داهاتوی هەلبژاردنی مەجلیسی حەوتەم دایە، کە بەرەی ئیسلاح خواز هەر لە ئیستاوە هەست بە دۆرانیکی گەورە دەکات.

جیاواز لەم راستی‌یانە ژنانی ئیران وەك سەرجەم ژنانی جیهان لەژیر سایەی نیزامی سەرمایەداری و پیاوسالاردا زولمیکی دوو قاتیان لی دەچی و ئەم نیزامە چەوسینەرانەیە بەپیی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و چینایەتی خۆی ئەو مکانیزمەیان بەردەوام تەولید و بازتەولید کردۆتەوە کە ژنان لە هەلسوورانی سەربەخۆی ئابووری کە بەردی بناغەی رزگاری ژنانە دور دەخاتەوە و بە دریژایی میژوو لەم نیزامەدا وەك جنسی دووهەم و قوربانی قەیرانەکان چاوی لی دەکریت.

ئەگەر ئەمرۆکە لە ولاتانی پیشکەوتوی سەنعەتی و سەرمایەداری ژنان تا رادەیەك بە مافە رەواکانی خۆیان گەیشتون و لە ئازادی‌یەکی نیسبی بەهرەمەندن، بێ‌گومان ئەمانە بەهۆی نیعمەت و بەرەکەتی دەولەتانی سەرمایەداری نیە، بەلکو ئاکامی خەبات و هەولی بێ‌وچان و شیلگیری بزووتنەوەی ژنانە کە هەروەك باقی بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکان توانیویانە تا رادەیەك ماف و ئازادی‌یەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن.

رژیمی کۆماری ئیسلامی وەك رژیمیکی بورژوا مەزهەبی لە یەکەمین ساتەکانی بە دەسەلات گەیشتنی دەستی کرد بە دژایەتی کردن لەگەل ژنان. لەراستی‌دا دەتوانین بلیین یەکیك لەو بنەمایانەی کە کۆماری ئیسلامی‌یان لەسەر دامەزرا و پیناسەی سەرەکی پێ‌دەکریت دژایەتی کردن لەگەل ژنان و مافە ئینسانی‌یەکانی ئەوانە.

ژنانی ئیران بە مەبەستی پیکهینانی ئال و گۆری بنەرەتی لە ژیانی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی خۆیان دا لە سەرجەم بوارەکانی شورشی سالی ٥٧دا ویرای پیاوانی هاوچارەنوسیان بەشداری‌یان کرد، دوابەدوای سەقامگیر بوونی دەولەتی دژی شۆرشی کۆماری ئیسلامی لەگەل هیرشی بەربلاوی چەقو کیشانی حیزبوللا و ئەنسار بۆسەر ماف و دەسکەوتەکانیان روبەرو بوون. کار بەدەستانی رژیم تەبلیغی ئەوەیان کرد کە کاری ژنان تەواو بوە با بگەرینەوە مال و کونجی ئاشپەزخانە. هیرشی وەحشیانەی حیزبوللاهی‌یەکان بوسەر ژنانی بەشدار بوو لە مەراسمی ٨ی مارسی سالی ١٣٥٨دا سەرەتای هیرشیکی بەربلاوتر و دریژ ماوەتر بوسەر ژنانی ئیران و سەرجەم دەسکەوتەکانی راپەرینی سالی ١٣٥٧ بوو. ماوەی ٢٥ سالە ئیران لەژیر سایەی دەسەلاتی ئیلاهی‌دا بۆتە زیندانیکی گەورە بۆ دانیشتوانی و بە تایبەتی بۆ ژنان. لە ئیران دا ژنان ستەمیکی دووقاتیان لێ چووە، چ وەك بەشیك لە چینی کار و چەوساوە، چ وەك ژن و ستەمی جنسی. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی نەحسی خۆی‌دا هەرچی لەدەستی هات بەسەر ژنانی‌دا سەپاند و بۆ سەرکوت کردنیان لە هیچ چەشنە وەحشیگەری‌یەك کوتایی نەکردوە، لە تیزاب پڑاندن بەسەر و چاویان هەتا داسەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، لە جیا کردنەوەیان لە مەدرەسە و دانشگا و شوینەکانی کار هەتا ماشینەکانی هات و چۆی گشتی، لە کوشتن، ترور، ئەشکەنجە و دەست دریژی کردنە سەریان بەر لەوەی کە ئیعدام بکرین، هیچ کات دریغی نەکردوە.

لەکاتی بیکار سازیەکان دا ژنان یەکەمین قوربانیانی ئەم پەلامارە دژی ئینسانیە و لەسەر کار دەرکردن بوون.

ئەمرۆکە کەسانیك لایحەی پەیوەست بوونی ئیران بە کونوانسیونی نەهیشتنی هەلاواردن لەسەر ژنان لە مەجلیسەکەیان دا پەسەند دەکەن، کە خۆیان بەپیی بیر و باوەریان زۆرترین دەور و نەقشیان هەبوە لەژیر دەستە

بروانە لاپەرەی ٤

# قەتلی عامی زیندانیانی سیاسی لە لایەن حکومەتی ئیسلامی ئیرانەوە لە هاوینی سالی ١٣٦٧دا

لەچەند حەوتوی ئەوەلی هاوینی سالی١٣٦٧ هەوالی کارەساتی دلتەزینی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی زیندان بلاو بوەوە کە باسی لە کوشتار و قەتلی عامی هەزاران ئینسانی نیو زیندانەکانی دەکرد. ئەم کوشتار و درندەیی‌یە لە سەرەتاکانی مانگی گەلاویژ دەستی پیکرد و لە نیوەی یەکەمی خەرمانانی ئەو سالەدا بە لوتکەی خۆی گەیشت. بەرینایی کوشت و بری زیندانیان بە پانتایی ئیرانی بوو. لە زۆربەی شارەکانی ئیران یەکیك لە درندانەترین و بی‌وینەترین کوشتاری سیاسی لە میژووی ئەم ولاتەدا رووی‌دا کە نمونەی لەم چەشنە تەنیا لە شەری تالانکەری وەك هیرشی چەنگیزخانی موغول بۆسەر ئیران، پاکتاوی رەگەزی یەهودی‌یەکان بە فەرمانی هیتلەر و لەلایەن نازی‌یەکان و سرینەوەی رەگەزی ئەرمەنی‌یەکان لە تورکیە لەلایەن هاوبیرانی کەمال ئەتاتورك، یان قەتلی عام و ئەنفالی کوردەکان لە کوردستانی عیراق لەلایەن رژیمی فاشیستی بەعس لە کۆتایی دەیەکانی ٨٠ی میلادی‌دا خۆ دەنوێنیت.

ئەم جینایەتە سامناکە هەروەك ئەو نموونانەی ئاماژەی پیکرا بەپیی بەرنامەی لەپیش دا داریژراو و بە مەبەستی لەناو بردنی نەسلیك لە موخالیفانی حکومەت کە لە زیندان ئەسیر بوون هاتە ئاراوە کە بە راستی دەکری ناوی بنێین عەمەلیاتی نەسل کوژی زیندانیانی سیاسی ئیران.

رەنگە یەکیك لە تایبەتمەندی‌یەکانی کوشتاری زیندانیانی سیاسی سالی ١٣٦٧ لە ئیران لەوەدا بێ کە سەرجەمی قوربانیانی ئەم کارەساتە خۆفناکە، زیندانی بوونی ئەوان لەپشت تەل بەندی ئاسنینی زیندانەکان بوو کە زۆربەی ئەوان چەندین سال لە تەمەنی خۆیان لە سیاچالەکانی رژیم دا تیپەر کرد و بەپیی قاعیدە، یاسا و ریسای چاوەدیر بەسەر مافەکانی زیندانیانی سیاسی بەسەر پەروەندەی ئەوان دا حاکم بوو. زۆربەی ئەو قوربانیانە دەورانی زیندانی خۆیان تێپەراندبوو، وە لە چاوەروانی ئازاد کران دا بوون. هۆی گیرانی زۆربەی ئەوان هیشتا روون نەکرابۆوە و لە چاوەروانی بە روالەت روون کردنەوەی جورمەکانیان دا بوون. بەلام کەسانیك کە ئەم تاوان و جینایەتەیان لەدژی زیندانیان بەریوە برد، لە شوینیکی‌تر دۆراندبوویان و رق و تورەیی دژی ئینسانی خۆیان بەسەر زیندانیەکان دا تەقاندەوە.

لە دەرەوەی زیندانەکان رووداویکی گەورە و بی‌وینە لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا رووی دابوو. شەری مال ویرانکەری ئیران و عیراق بە بەرینایی ئەم دوو ولاتە هەشت سال بوو لە ئارادا بوو و سەدان هەزار تەلەفاتی ئینسانی و خەسارەت و زیانی گەورەی ئابووری لە کاول بوون و ویران بوونی زۆربەی شار و ناوچە ئاوەدانەکانی دوو لایەنی شەری لی کەوتبوو، بە شکستی کۆماری ئیسلامی کۆتایی پێ هاتبوو. خومەینی، واتە کەسیك کە هەلگیرساندنی شەری بە نیعمەتی خودا دادەنا، بەسەر شوری، شکستی شەری بە خواردنەوەی جامە ژەهرە بەناو بانگەکەی بە قوربانی کردنی گیانی سەدان هەزار ئینسانی بێتاوان لە شارەکان و بەرەکانی شەر، قوبوول کرد. خومەینی چ وەك ریبەری مەزهەبی و حکومەتی ئیسلامی و چ وەك فەرماندەی گشتی هیزە چەکدارەکانی ئیران لە رۆژی ٢٧ی پووشپەری ١٣٦٧ بریارنامەی ٥٩٨ی شورای ئەمنیەتی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانی سەبارەت بە ئاگربر قەبوول کرد. ئەم شکستە لە راستی‌دا شکستی پان ئیسلامیزمی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی سدوری ئیسلامی نابی محەممەدی بۆ دەرەوەی ولات بوو. ئیتر ریگای قودس و حەرەمەینی شەریفەین لە کەربەلا و نەجەفەوە تیپەر نەدەبوو، و دروشمی شەر، شەر تا سەرکەوتن، لەگەل شکستی تەواو رووبەروو ببوو. کۆتایی شەر بۆ خەلکی ئازار چیشتووی ئیران، کرانەوەی دەربیچەی هیوا و ئومید بوو بۆ هینانە گوری ویست و داخوازی‌یەکانی خۆیان. شادی و خۆشحالی کەوتە ناو دلی خەلك و شکست و داماوی رژیمی ئیسلامی بوو بە ئاسۆی هیوایەك لەپیناو گەشە پیدانی خەبات و هاتنەدی داخوازی‌یەکانی جەماوەری نارازی لە داهاتوودا. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە بە قەولی خۆیان، حکومەتەکەیان بەرهەمی سەرکەوتنی خوین بەسەر شمشیردا بوو، لیبرابوون کە تۆلەی شکستی شەر لە خەلك بکەنەوە. ئەوان بۆ مانەوەی خۆیان پیویستیان بە رشتنی هەرچی زیاتری خوینی ئینسانەکان بوو. لە روانگەی دەسەلاتدارانی ئیران گونجاوترین و بێدەردی‌سەرترین شوین زیندانەکان بوون کە دەیان هەزار ئینسانی نارازی و خەباتگیر و لە هەمان حالدا بێدیفاع لە پشتی میلەکانی ئاسنین دا زیندانی کرابوون. خومەینی بە پیکهینانی کومیتەیەك لە "نیری" قازی شەرع، "ئەشرەفی" دادستانی تاران و "موسەوی ئەردەبیلی" دادستانی گشتی ئیران و بە دەرکردنی فتوای مەزهەبی و هەول دان بۆ دروشمی "اشداهو علی الکفار" واتە سزادانی توندی کافرەکان، ماشینی کوشت و بریان خستە گەر و فەرمانی کوشتنی هەزاران زیندانی سیاسی لە سیاچالەکانی حکومەتی ئیسلامی‌یان دەرکرد. بە دەرکردنی ئەم فتوایە و راسپاردنی ئەم کەسانە، جەللاد و ئینسان کوژی پسپور و شارەزای وەك "لاجوەردی" و "داودی" و دەیان جینایەتکاری‌تر، زیندانەکانیان کردە بەرەی شەری یەك لایەنە بۆ ریبەری ئیسلامی و شکستی شەری ٨ سالەیان بەسەرکەوتنی ئیسلام بەدوور لەچاوی خەلك لە زیندانەکان دا تەواو کرد. هەزاران داری ئیعدامیان وەری خست و زیندانیان سیاسی و ئازادیخواز بە وتنی "نا" بە جەللادان سەرشۆری میژوویی‌یان لەسەر پەروەندی قاتلان تۆمار کرد. هەوالی ئەم جینایەتە لە رادیو و تەلەفزیون و چاپەمەنیەکاندا بلاو نەبووە. خومەینی و دەست و پیوەندەکانی بەم جینایەتە هیندە دلخوش بوون کە پی‌یان وابوو دەرگای کۆمەلگایان بە قفلی دیکتاتوری و ئیستبداد داخستوە. تەرمی قوربانیانی ئەم جینایەتەیان بە نهینی لە "خاوەران"ی تاران، "دارالرحما"ی شیراز، "باغی رزوان"ی ئیسفەهان، "حەسار"ی دادگای ئینقلابی سنە و دەیان شوینی‌تر بە دزی‌یەوە شاردەوە. گۆرستانی ئەم خۆشەویستانەیان بە لەعنەت ئاوا ناودیر کرد هەتا بە خەیالی خاوی خۆیان، خەلك خۆیانی لی بپاریزن. زۆری نەخایاند کە هەوالی ئەم جینایەتە سامناکە لە ئیران و دەرەوەی ئیران بلاو بوەوە. خەلکی ئیران کە بەرەبەرە هەولیان دەدا جەستەی ماندو و هیلاکی خۆیان لەژیر ئاسەواری شوومی شەری مال ویرانکەری ئیران و عیراق رزگار کەن، دیتیان کە چ کارەساتیکی جینایەتکارانە لەدژی خۆشەویستەکانیان بەریوە چووە. ژمارەیەکی کەم لە هاوبەندەکانی قوربانیانی جینایەتی هاوینی ٦٧ کە لەو کوشتارە بە کۆمەلە رزگاریان ببوو، لایەنەکانی بێبەزەیی و درندەیی جەللادانی ئیسلامی و مەزلوومیەتی زیندانیەکانیان بۆ بیروورای گشتی گیرایەوە. بەلام ئیستاش ئەوە هەمووی راستی‌یەکە نیە. بەشیکی زۆری راستی‌یەکانی ئەم جینایەتە هیشتا لە سیاچالەکانی دەسەلاتی سەرەرۆیانەی رژیمی ئیسلامی‌دا شاراوەتەوە. ئەمرۆ زۆربەی ئیسلاح خوازانی حکومەتی لە دادستانی پیشوی رژیمەوە بگرە هەتا بەرپرسی دادگاکان و سەرجەم بریاردەران و بەریوەبەرانی بریاری ئەم جینایەتانە، لەو کارەساتەدا، بەشیك لە باسکی دەسەلاتداری ئیمام و ئیسلام لەدژی زیندانیانی سیاسی بوون. ئەوان کە بۆ رزگار کردنی کۆماری ئیسلامی لە مەرگی حەتمی، لیباسی ئیسلاح خوازیان لەبەر کردوە و هەول دەدەن حکومەتی ئیسلامی لە هەلدیری نەمان بگیرنەوە، دەبی ناچار بکرین کە راستی‌یەکانی قەتلی عامی زیندانیانی سالی ٦٧ بەخەلك رابگەیەنن و سەرجەم لایەنەکانی ئەم جینایەتە ئاشکرا کەن. لەلایەکی دیکەیشەوە ویرای هاوکارانی پیشوویان و پاریزەرانی نیزامی ئیسلامی لە بەرانبەر خەلك دا وەلامدەرەوە بن.

ئەمرۆ لە هەل و مەرجیك دا ریز لە یادی قوربانیان قەتلی عامی سالی ٦٧ دەگرین کە قەیرانی حکومەتی ئیسلامی لە هەموو لایەکەوە قوولتر بۆتەوە. ئیسلاح خوازانی حکومەتی کە قەرار بوو کەشتی لە حالی غەرق بوونی کۆماری ئیسلامی رزگار بکەن، خۆیان لەنیو زەلکاو کەوتوون و رو چووەن. نارەزایەتی کریکاری، جەماوەری، خویندکاری و ژنان لە بەرینتر بوونەوە دایە و بۆ نەمانی یەکجاری کۆماری ئیسلامی خۆی ریك دەخات.

جەریاناتی بورژوازی لەنیو ئوپوزیسیون لە سەلتەنەت خواز و کۆماریخوازەوە بگرە هەتا جەریانی لیبرال و میللی- مەزهەبی، حیزبە ناسیونالیستە ناوچەیی‌یەکان، ئاواتی خۆیان بۆ گەیشتن بە دەسەلات بە ناوگانی شەر و موشکە دوور هاویژەکانی ئامریکاوە بەستۆتەوە و خەون و خەیالی لوویە جەرگەی ئەفغانستان و ئەنجومەنی کاتی یاسا دانانی عیراق بۆ خۆیان و خەلکی ئیران دەبینن. ئامانجی گشتی ئەوان گۆران لەسەرەوە و پووچەل کردنەوەی بەشداری و دەخالەتی خەلك لە ئال و گۆر و مەسەلە سیاسی‌یەکانی کۆمەلگای ئیران دایە. بەلام چارەنووسی حەتمی شورشی داهاتووی ئیران، دووبارە بوونەوەی رووداوەکانی ئاخیزی ریبەندانی سالی ١٣٥٧ی هەتاوی و سات و سەودای کار بەدەستان لەسەر ویست و داخوازی خەلك و هاتنە سەرکاری دژی شۆرشی ئیسلامی و دووپات بوونەوەی سناریوی ئەفغانستان و عیراق لە ئیراندا نیە، بەلکو چینی کریکار و خەلکی ستەم لیکراو و بەرەی چەپ و کۆمۆنیست لەم ولاتە هەروەك یەکیك لە بەشکۆترین راپەرینەکانی سەدەی بیستیان لە میژوودا تۆمار کرد، ئەمجارەیش دەتوانن لە سەرەتای سەدەی ٢١دا گەورەترین شانازی ئەم سەدەیە کە شورشیکی گەورەی جەماوەری‌یە لە پیناو بەگۆر سپاردنی کۆماری ئیسلامی، بەناوی خۆیان تۆمار بکەن و بە ئەزموون وەرگرتن لە هەلەکانی رابردو، ریگای سەرکەوتنی داهاتوویان خۆش کەن. شورشیك کە دادگایی کردن و سزادانی کار بەدەستانی رژیمی ئیسلامی بەهۆی جینایەت لەدژی کۆمەلگای بەشەری لەناوخۆ و دەرەوەی ئیران لە هەنگاوە سەرەتایی‌یەکانی دەبی. تەنیا لە هەل و مەرجیکی ئەوتۆ دایە کە "لەعنەتاواکان" دەبنە شوینی یادکردنەوەی ئەویندارانی ریگای ئازادی و بەرابەری و یادی قوربانیانی قەتلی عامی درندانەی سالی ١٣٦٧ی هەتاوی و سەرجەم گیانبەختکردوانی ریگای رزگاری ئینسانەکان هەرگیز لەبیر ناچیتەوە ■

# گوزارشیك سەبارەت بە بارودۆخی گشتی شاری بۆكان

هاورێیەکمان بەناوی نهینی نەسیمی نەهاوەندی لە شاری بۆکانەوە گوزارشیکی بۆ ناردوین کە بە کەمیك دەسکاریەوە بۆ ئاگاداری خوینەرانی پیشڕەو بلاوی دەکەینەوە.

شاری بۆکانیش لە جوملەی ئەو شارانەی ئیرانە کە لە زۆر ئیمکاناتی ئابوری و رفاهی و خزمەتگوزاری گشتی بیبەش کراوە. بە تایبەتی دانیشتوانی گەرەکە هەژارنشینەکان کە لە حاشیەی شار دەژین، وەك گەرەکەکانی: مەجبوراوا، میراوا، جادە حەسار، کولتەپە، کەلهورئاوا، عەلیاباد، لە هەل و مەرجیکی دژوار دا دەژین و بیبەش لە ئیمکاناتی بیهداشتی و رفاهین. بەشیك لە خەلکی ئەو گەرەکانە بۆ دابین کردنی بەریچونیان دەچن بۆ کورەخانەکان و لە دژوارترین هەل و مەرجی کار کردن دا دەچەوسینەوە. ئەو کریکارانە رۆژی نزیك بە ١٥سەعات کاردەکەن و ئارەق دەریژن و بەشی هەرە زۆری بەرهەمی ئەم کارە تاقەت پڕوکینە، دەچیتە گیرفانی خاوەن کورەکان. بەشیکیتر لە خەلکی کریکار و زەحمەتکیشی بۆکان خەریکی کاری ساختومانین. ئەو کریکارانە لە شونیك بەنیوی پارکی میللەت رادەوەستن ئەو کریکارانە ژمارەیان زۆرە و هەر رۆژە لە بەیانیەوە دینە ئەو شوینە و چاوەرین خاونکاریك بێت و بیانباتە سەرکار. ئەو کریکارانە لە مانگ دا تەنیا چەند رۆژ کاریان هەیە، ئەمسال بەهۆی زەخت و زۆری شارەداری کاری ساختومانی لە چاوسالانی پیشوو زۆر کەمە. ژمارەیەکیتر لەو کریکارانە لە وەرزی بەهار و هاوین و پاییزدا خەریکی کاری دەسکەنە و بژار و چەوەندەر هەلقندن و سیو رنینن کە زۆربەی ئەو کریکارانە لە ژنان و منالان پیك دێن. ئەم بەشە لە کریکارانی شاری بۆکان بەیانی زوو دەچن بۆ سەر کار و ئیوارە درەنگان لە سەر کار دەگەرێنەوە. حەقدەستی ئەو کریکارانە لەئاست ئەم کارە سەخت و تاقەت پروکینە ٢٠٠٠ تا٢٥٠٠ تمەنە و خاونکاران بەو پیلانە کە هەر کەس زۆرتر کار بکات پارەی زۆرتری پی دەدری لە لایەك رەقابەت دەخەنە نیو ئەو کریکارانە و لە لایەکیترەوە رادەی چەوسانەوەیان دەبەنە سەر. هەر بۆیە کریکاران زۆر خۆ ماندو و هیلاك دەکەن تا بەلکو خاوەنکار حەقدەستیکی زیاتریان پی بدات. سەرەرای ئەو وەزعە سەرکارگەریش تا ماوەیەکی زۆر حەقدەستی کریکاران لای خوی رادەگری و معاملەی پیوە دەکات. ئەو کریکارانە لە بەر گەرمای هاوین و لەبەر باران و سەرمای پاییز تا بەفر دەباری رۆژی زیاتر لە ١٠سەعات کار دەکەن . بەشیکیتر لە کریکارانی شاری بۆکان خەریکی دەست فروشین کە لە چەند شوینیکی وەك: فەلەکەی ئەسکەندەری، چوارریی شارەبانی، چوارریی مەولەوی، دەروازە قەبران و بازاری کون را دەوەستن و چاوەرین ریبواریك بێت و شتیکیان لی بکری. دیارە مەئمورینی شارەداریش بەردەوام هیرش دەکەنە سەر ئەو دەس فروشانە و ناهیلن کارەکەیان بکەن و بیحورمەتی و تەوهینیان پی دەکەن و زۆر جاریش کەل و پەلەکەیان فری دەدەن. بەشیك لەو دەست فروشانە هەر یەکە و داشقەیەکیان پییە و هیندیکیان شت لەسەر داناوە و لە کوچە و کولانەکان دا خەریکی دەست فروشین. جیگای باسە کە نزیك بە ٨٠ دەرسەدی ئەو دەستفروشانە کرینشینن. بەشیکی دیکە لەدەست فروشانی شاری بۆکان ژنانن، ئەو ژنانە لە بەیانی زووەوە دینە مەیدانی ماست فروشان و بە دیار دووسەتل ماست و شیرەوە دادەنیشن. زۆربەی ئەو ژنانە پیر و بەسالا چوون.

یەکیکیتر لەو دیاردانەی کە لە ماوەی چەند سالی رابردودا پەرەی بەرچاوی سەندوە و بۆتە دیاردەیەکی کومەلایەتی ئیعتیادە. بەشیکی بەرچاو لە لاوانی شاری بۆکان گیرودەی بەلای مال ویرانکەری ئیعتیاد بوون. مەئمورینی ئیتلاعات و دەست پیوەندەکانیان خۆیان عاملی بلاوکردنەوەی ئەو مەوادە لەنیو خەلك و بە تایبەتی لاوان دان. بلاوبۆنەوەی هەوالی مەرگی کەسانیك کە گیرودەی ئیعتیادن، بەهوی تەزریقەوە بۆتە شتیکی روتین و تەقریبەن رۆژانە لە شاری بۆکان. عاملینی فروش و بلاوکردنەوەی مەوادی موخەدیر بۆ زور کەس ناسراون و لە شوینەکانی وەك: فەلەکەی ئەسکەندەری، فەلەکەی کولتەپە، تەپەی کەلهوراوا، خیابانی پەنجاو پینج، رادەوستن و بە ئاشکراو بە بەرچاوی خەلکەوە ئەم مەوادە مال ویرانکەرە دەفروشن. باغی میراوا، بەندی کۆستە، پارکی ساحلی، پارکی میللەت و نالە شکینە لە زومرەی ئەو شوینانەن کە کەسانی موعتاد مەوادی لی مەسرەف دەکەن. زۆربەی لاوانی شاری بۆکان بیکارن و هیچ هیوایەك بۆ پەیدا کردنی کار لە داهاتودا بەدی ناکەن. لاوانی بیبەش لە تەفریحاتی سالم و سەرگەرمی و لەبەر نەبونی ئیمکاناتی وەرزشی، کاریان بۆتە پیاسە کردن لەسەر شەقامەکان و لەناو پارکەکان دا. دیاردەی وەك لەش فروشی ژنان، دزی، خۆکشتن و خۆسووتاندن لە شاری بۆکان پەرەیان سەندووە و لایەنی جوراوجۆر و کارەساتی دلتەزینیان لی دەکەویتەوە. ئەوەی کە بە ئاگاداریتان گەیشت گوزارشیکی کورت بوو لە بارودوخی گشتی کار و ژیان و گیروگرفتەکانی خەلکی شاری بوکان. پیویستە بلێین کە باس کردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەلکی بۆکان وەك زوربەی خەلکی کوردستان و ئیران گەلیك لەوە زۆرتر و دلتەزین ترە، سەرجەمی ئەم گیروگرفت و موشکلاتە بەهوی دەسەلاتداریەتی سودپەرستان و بەریوە بەرانی فاسیدی کوماری ئیسلامییە کە نزیکەی ٢٥سالە ژیانیان لە خەلك تال کردوە. کاربەدەستە ورد و درشتەکانی رژیم، حاسلی رەنج و کاری کریکاران و زەحمەتکشان بە تالان دەبەن و جەماوەری خەلك لەوپەری بیئیمکاناتی دا رادەگرن . لە جیاتی ئەوەی کە لە بیری دابین کردنی ئیمکاناتی پیویست و ژیانیکی گونجاو بۆ دانیشتوانی کومەلگادا بن تەنیا و تەنیا لە بیری کەلەکە کردنی سەروەت و سامانی زیاتر بۆ خۆیانن. خەلکی چەوساوە و زۆرلیکراو دەتوانن بە خەباتی یەکگرتوانەی خۆیان رژیمی ئیسلامی لە دەسەلات بیننە خوار و بە دامەزراندنی حکومەتی کریکاری کوتایی بە ستەم و رۆژرەشییەکانیان بینن ■

# دیداری نوێنەرانی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان و کومیتەی ناوەندی کۆمەلە

دوانیوەروی رۆژی ١٩ی گەلاویژی ١٣٨٢ی هەتاوی هەیئەتیکی نوینەرانی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان کە پیك هاتبو لە بەرێزان: زوبیر ئایدار، سەلیم بابان، تاهیر کەمالیزادە، تەحسین قادر و حەسەن دووتار لەگەل هەیئەتیکی ناوەندی کۆمەلە کە پیك هاتبو لە هاورییان: عوسمان رەمەزانی، حەسەن رەحمان پەنا، جەعفەر ئەمین زادە و محەمەد ئەمین حیسامی لە مقەری مەرکەزی کۆمەلە لە زرگویز دیدار و کۆبونەوەیان کرد.

لەو چاوپیکەوتنەدا لەسەر وەزعی سیاسی مەنتەقە و ئال و گورەکانی ئەم دواییانەی ناوچەکە و دوزی کورد و بارودۆخی ئیستا و داهاتوی کوردستان و کاریگەری رەوتی روداوەکان لەسەر وەزعی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتی و کیشەی میژویی خەلکی کوردستان بە تایبەتی، ئال و گوری بیرورایان کرد.

پیویستە بوتری سەرەرای جیاوازی بیروبوچون لەسەر روداوەکانی ئەم دواییانە و بەتایبەت تەئسیراتی دەخالەتی هیزەکانی ئامریکا و ئینگلیس لەو بوارەدا، هەر دولا لەسەر رەوا بونی خەباتی عادلانەی خەلکی کوردستان بۆ بە دەس هینانی مافی چارەی خونوسین و سرینەوەی شوینەواری ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کوردستان لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان کوك بون و لەسەر زەرورەتی هەبونی پیوەندی نیوان هیزە سیاسیەکانی کوردستان و هاوکاری کردنیان بۆ ئەو مەبەستە، لە چوارچیوەی بروا بە ئازادی بیقەید و شەرتی سیاسی و دورگرتن لەهەر چەشنە توند و تیژییەك لە کیشە و ناکوکی نیوان هیزە سیاسیەکان دا جەختیان کردەوە ■

**دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە**

**٢٠ی گەلاویژی ١٣٨٢**

## فرۆشتنی کچێکی تەمەن ١٣ ساله به پیره پیاوێکی ٨٠ ساله

کچێکی ١٣ سال تەمەن بەدەستی براکەی لە ئاواییەکی دەوروبەری شاری زاهیدان دەکوژرێ، باوکی ئەم کچە ماوەیەك لەمەوبەر لە بەرابەر وەرگرتنی یەك میلیون تمەن کچەکەی خۆی بە زۆری لە پیرە پیاویکی ٨٠ سالە مارە کردبوو. کچەکە کە ئەم ئیزدواجەی بەدل نەبوو زۆری هەول دا بۆ ئەوەی باوکی ئەم کارە نەکات بەلام ئاکامیکی نەبوو و هەر بەو هۆیەشەوە لە مالی میردەکەی هەلات.

دوای هەلاتنی ئەم کچە لەمال، براکەی، ئەم کچەی لەشاری زاهیدان دۆزیەوە و دوای هینانەوەی خۆشکەکەی بۆ ئاواییەکەی خۆیان لەبەر ئەوە کە کچەکە حازر نەبوو لەگەل ئەم پیرەپیاوە بژی دەیکوژێ.

کچیکی ١٣ سال تەمەن لە یەکیك لە ئاواییەکانی زاهیدان بەدەستی براکەی کوژرا. لەوانەیە زۆرکەس ئەم هەوالەیان نەبیستبێ و ژمارەیەکیش زۆر بە سووك و سادەیی چاوی لێ بکەن. هوی ئەم کارە هەست پێنەکردنی ئەم ئینسانانە نیسبەت بە مەرگی ئینسانیکی‌تر نیە، بەلکو بەر لە هەموو شتیك لە راستی‌یەکانی تالی ناو کۆمەلگای ئەمرۆی ئیرانەوە سەرچاوە دەگری. لەم ولاتەدا کوشتنی ئینسانەکان بۆتە شتیکی باو و ئاسایی. رۆژانە بیجگە لە تەسادوف و روداوی سروشتی کە ژمارەی تەلەفاتەکەی لە سەرەوەیە، هەوالی دەیان قەتلی سیاسی و ئیعدام لەلایەن حکومەتەوە، خۆسووتاندن و خۆکوژی بەهۆی ناکۆکی بنەمالەیی و گیروگرفتەکانی ژیان و سەرجەم ناهەنجاریە کۆمەلایەتی‌یەکان روو دەدات. بەهیچ شیوەیەك نابی هۆکاری ئەم رووداوانە لە بە بۆن بەست گەیشتنی کەسەکان دا بدۆزینەوە. بەلکو هەل و مەرجی سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووری کۆمەلگا، هۆکاری سەرەکی و بەرچاون لەم رووداوانەدا. تا ئیستا زۆرجار هۆکاری مەرگی زۆریەك لە لاوانیان بە بیکاری و گیرۆدە بوون بە مەوادی موخەدر راگەیاندوە. هۆکارە سەرەکیەکەشی حکومەتیکی سەرکوتگەرە کە لەلایەکەوە خۆی لە بەرابەر دابین کردنی کار و مەسکەن و ژیان بۆ شارومەندانی بە بەرپرس نازانی و لەلایەکی‌تریشەوە بۆ گیرۆدە کردنی لاوان بە مەوادی موخەدر، ئەم ئەسلەحە بێدەنگەی لەناو لاوان دا بلاو کردۆتەوە. بیجگە لە گرفتی مەوادی موخەدر و قەتل و جینایەت لەم پەیوەندیەدا، گیروگرفتی لە رادەبەدەر و داسەپاو بەسەر ژنان و چاولیکردنیان وەك جنسی دووهەم و زەعیفە و کڕین و فرۆشتنی ئەوان لە بازارەکانی ناوخۆیی و دەرەوەدا هەر ریك بە پشتیوانی نەهاد و ئۆرگانەکانی یاساداریژ و بەریوەبەرانی و لە سەرەوەی هەموان قانوونی ئەساسی مەزهەبی و پیاومەزنی کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٢٤ سالی رابردودا بەرەوپیش چووە. ئەوەی کە لە چەند رۆژ لەمەوبەر و لە دەوروبەری زاهیدان رووی‌دا، رەنگدانەوەی بە کردەوە و بەرچاوی فەرهەنگی پیاومەزن و مەزهەبی لە حکومەتی ئیسلامی دایە. بەپیی شەرعی ئیسلام ئاخوندیکی مەزهەبی پول پەرست کچیکی ١٣ سال تەمەنی لە بەرابەر یەك میلیون تمەن دا لە بە سالاچوویەکی ٨٠ سالە مارە کردوە کە تەمەنی لە باپیری کچەکە زیاترە. ئەم کچە چارەرەشە دەبی لەگەل کەسیك ببێتە شەریکی ژیان کە پەیوەندی ئەوان نەك لەرووی هەستیکی هاوبەش و عەشق و عەلاقە و روانگە و بۆچوونیکی وەکو یەکتر سەبارەت بە ژیان و خۆشیەکانی، بەلکو تەنیا بەخاتری پولە. پەیوەندی‌یەك کە وەحشیانەترین و دژی ئینسانی‌ترین پەیوەندی‌یە. پیرەپیاویکی ٨٠ سالە تەنیا بەخاتری ئەوەی کە پولی هەبوە دەبیتە خاوەنی کچیکی ١٣ سالە کە رەنگە هیشتا هیچ هەستیکی سەبارەت بە ژیانی هاوبەش و پەیوەندی جنسی نەبی، بەلام ناچارە کە خۆی لە ئیختیار ئەم مەوجودە نەخوازراوەدا قەرار بدات. ئەم پیرەپیاوەش کە یەك میلیون تمەنی لە ریگای گەیشتن بە نیچیرەکەی خۆی سەرف کردوە، دەبی ئەوپەری قازانج لەم ریگایەدا بەدەست بینێ. ئەم پەیوەندی‌یە، پەیوەندی هاوبەشی لە ژین دا نیە، بەلکو پەیوەندییەکی دژی ئینسانی، وەحشیانەیە کە لە پەیوەندی کۆیلەتیش خراپتر و ناحەزترە. لەم پەیوەندیەدا، کویلەی کردراو بیجگە لە چەوسانەوە لەناو مال دا، دەست دریژی جنسیشی دەکرێتە سەر. ئەگەر لە نیزامی کویلەتی رابردوودا، کۆیلە هیوایەکی بە دەرباز بوون هەبوو، لەم نیزامەدا، قانوونی ئەساسی و فەرهەنگی پیاومەزن و مەزهەبی، نزیکترین کەسەکانی کۆیلەکەیان کە برا و باوکی خودی کچەکە بن کردۆتە پاریزەری بۆ ئەوەی لە چنگی کویلەدار واتە پیرەپیاوی ٨٠ سالە رانەکا. ئەگەریش هەلات دەبی دەست بەجی بکوژرێ.

هیچ گومانیك لەوەدا نیە تاوانبار و جینایەتکاری ئەو قەتلە دەبی بە سزای تاوانەکەی بگات. بەلام گومانیکیش لەوەدا نیە کە قاتل و جینایەتکاری سەرەکی، سیستم و موناسباتیکە کە بەپیی شەرع و یاسای ئیسلام و لەلایەن کەسیکی کۆنەپەرست و قازانج پەرست بەناوی ئاخوند، کچیکی ١٣ سال تەمەنی لە پیاویکی ٨٠ سالە مارە کردوە. چ بەریوەبەران و موجریانی قانوون و چ داریژەرەکانیشی و چ ئەو پیرەپیاوە پولدارەش بەو مەلایە کە مارەی بریوە، لە قەتلی ئەم کچە چارەرەشە زاهیدانیەدا بەشدارن و هۆکاری روودانی ئەم جینایەت و قەتلەن. ئەم یاسا دواکەوتو و دژی ئینسانیە لەگەل پشتیوانان و بەریوەبەرانی نیزامی لایەنگریشی واتە کۆماری ئیسلامی، دەبی بە زبلدانی میژوو بسپیردرین. تەنیا لەو کاتە دایە کە ژنانی ئیران هەناسەیەکی راحەت هەلدەکیشن ■

## راگەیاندنی نوینەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات سەبارەت بە مانگرتنی پەنابەرانی کوردی ئیرانی لە سنوری عیراق- ئۆردون

هەروەك پیشوتریش بە ئاگاداریمان گەیاندن، لەگەل دەست پی‌کردنی شەر لە عیراق ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەکانی ئۆردوگای ئەلتاش لە رومادیە کە بۆ ماوەی چەندین سال ژیانیکی نالەباریان لەو ئۆردوگایە تەحەمول کردبو، لە روی ناچاریەوە و بە مەبەستی دۆزینەوەی شوینیکی ئەمن و پاراستنی گیانی خۆیان بە قەبوول کردنی گەلیك مەترسی بەرەو ئۆردون وەری کەوتن. تا ئیستاکەش ئەو پەنابەرانە لە سنوری عیراق– ئۆردون لە شوینیك بەناوی الکرامە ماونەتەوە و دەولەتی ئۆردون لە چونی ئەو پەنابەرانە بۆ نیو ئەو ولاتە بەرگری کردوە. ناوەندە نیونەتەوەیەکانیش نە تەنیا نەیانتوانیوە کاریك بۆ ئەو پەنابەرانە بکەن و ولامیکی دلخوشکەریان پی بدەنەوە، بەلکو پی‌یان وتوون کە دەبی بگەرینەوە بۆ عیراق.

بەپیی هەوالیك کە بە دەستمان گەیشتوە ژمارەیەك لە پەنابەران لە ئیعتراز بەم کارە و بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان، پاش ولام نەدانەوەی بەرپرسانی پەیوەندار، لە رۆژی سی‌شەممە ریکەوتی ١٢ی ئوتەوە دەستیان داوەتە مانگرتن لە خواردن و رۆژ بە رۆژیش بە ریژەی مانگرتوان زیاد دەبێ.

ئیمە داوا لە سەرجەم ریکخراوە مرۆڤ دوستەکان دەکەین کە لەم خواستەی پەنابەران پشتیوانی بکەن و هەولی خۆیان بۆ راگواستنیان بۆ ولاتیکی سیهەم و ئەمن بخەنە گەر ■

**نوینەرایەتی کۆمەلە لە دەرەوەی ولات**

**٢٤ی گەلاویژی ١٣٨٢**

# شانوگەری تەلەفزیونی دانشجویان، بەرنامەیەکی نوێیان تەرحیکی شکست خواردو و کۆن؟

شەوی شەممە ١٨ی گەلاویژ، ٧ کەس لەو دانشجویانەی کە لە ئیعترازاتی ئەم دواییانەدا دەستگیر کراون و سەر بە دەفتەری تەحکیمی دانشجویانن، لە شانویەکی گالتەجاریانەی تەلەفزیونیدا، بەپیی بەرنامەیەکی لە پیش دا داریژراو لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعات و بەشی هوویەتی سازمانی سەدا و سیما و رۆژنامەی کەیهان کە سەر بە مەقامی وەلایەتی فەقیهە و بە بەریوەبەریتی حوسەینی شەریعەتمەداری لە تەلەفزیونی کۆماری ئیسلامیدا دەرکەوتن. لەم شانۆگەریە گالتەجاریانەدا، دانشجوە دەستگیر کراوەکان لە تەلەفزیون دا دەستیان کرد بە باس کردن لە تاوانەکانی خۆیان کە لە بنەرەتدا تایبەت بوو بە دان پیدانان بە "هەلەکانی خۆیان" و "بەلاریدا چوون و چەپ رەوی" بزوتنەی دانشجویی.

لە جەریانی ئیعترازات و نارەزایەتی دانشجویان لە مانگەکانی جۆزەردان و پووشپەر، بەپیی ئەو هەوالانەی کە بلاو بونەوە نزیکەی ٤ تا ٥ هەزار کەس دەستگیر کران کە رژیمی ئیسلامی، تەنیا باسی لە دەستگیری ٣٠٠ تا ٤٠٠ دانشجو کرد. هەر لە هەمان سەرەتای دەستگیری دانشجویان و جەماوەری نارازی، زۆریەك لە سازمان و حیزبە چەپەکان، هەلسووراوانی سیاسی و نەیارانی حکومەتی ئیسلامی، کە لە هەلس و کەوتی پراوپر لە جینایەت و سازماندانی بەرنامە دژە ئینسانیەکانی هوویەت و سەرجەم تەرحی سەدەکانی ناوەراستی رژیمی ئیسلامی ئاگادار بوون و لەم بارەیەشەوە ئەزمونیان هەبوە، هوشداریان پیدان و لە پیشدا ئەم گالتە جاریە تەلەفزیونیەیان بە بیبایەخ راگەیاند. میژوی شانۆگەریە تەلەفزیونیەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانیانی سیاسی دەگەریتەوە بۆ دەیەی ٦٠ی هەتاوی. حکومەتی ئیسلامی لەم هەلس و کەوتە دژە ئینسانیەی خۆی لەلایەکەوە تیك شکاندنی ورە، کەسایەتی، حورمەت و خۆراگری زیندانیانی لەبەرچاوە و دەیهەوی وابنوینی کە تەواوی دەستگیر کراوەکان لە بەرابەر حکومەتی "الله"دا توانای خۆراگرییان نیە و دان بە هەلەکانی خۆیان دادەنین بۆ ئەوەی ورەی زیندانیەکانیتریش بروخێنن و لەلایەکیتریشەوە رووی قسەی ئەم شانوگەریە گالتە جاریانە جەماوەری خەلکی نارازین کە دەبی ئاگایان لە خۆیان بێ و نارەزایەتی دەر نەبرن، ئەگینا لەگەل زیندان و ئەشکەنجە گەرانی لیهاتوو بەرەوروو دەبن و لە ئاکامیش دا وتوویژی تەلەفزیونی و دان پیدانان بەکردەوەکانیان لە چاوەروانیان دایە. لە کۆتایی بەهاری سالی ١٣٥٩، کۆماری ئیسلامی تەرمی ٥٩ کەس لە هەلسووراوانی سیاسی و زیندانیانی شاری مهابادی لە تەلەفزیونی ئەم شارە نیشان دا بۆ ئەوەی ترس و نیگەرانی بخاتە دلی خەلکەوە، بەلام بوە هۆی رق و تورەیی گشتی و هەمەلایەنە لەدژی رژیم، دوای ئەم رسواییە، سەرانی رژیم دەستیان دایە ئەوە کە زیندانیانی سیاسی لە تویژە جۆراوجۆرەکان و لە تەمەنی جۆراوجۆریش دا، راستەوخۆ بیننە سەر تەلەفزیون و دان بەو کارانە دا بنێن کە لەوانەیە لە ماوەی ژیانی خۆیاندا تەنانەت یەك جاریش دەستیان بەرەو لای ئەو کارانە دریژ نەکردبێ و لە جەللادانی خۆیان داوای لی بوردن بکەن. کەم نەبوون ئەو زیندانیانەی کە لە سەردەمی رژیمی پیشویش دا زیندان و ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاریان بە گیانی خۆیان دەکرێ، بەلام سەریان نەوی نەدەکرد. هەر ئەو ئینسانە خۆراگرانە کاتیك کە لە تەلەفزیون دەر دەکەوتن و دانیان بەو کارانەدا دەنا کە نەیانکردبوو، بە بیهیچ گومانیك بۆ هەموان روون بوو کە ئەم شانۆگەریانە درۆینەن و لە راستیش بە دوورن.

زۆرێك لە دەستگیر کراوەکان باسیان لە پەیوەندی جنسی نامەشروع، قاچاخ و مەسرەفی مەوادی موخەدیر، بوونی پەیوەندی لەگەل سرویسە ئەمنیەتی و جاسوسیەکانی ولاتانی بیگانە، بە تایبەت دوژمنانی کۆماری ئیسلامی و وەرگرتنی پول و ئیمکانات لە ئەوان، هەول دان بۆ تیك دانی ئەمنیەتی میللی و روخانی کۆماری ئیسلامی و زۆر مەواردیتری لەم چەشنە دەکرد. مەگەر بەریوەبەرانی لیهاتووی بەرنامەی هوویەتی سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامی کە خۆیان بەشیکن لە وەزارەتی ئیتلاعات و جاسوسی، باوەریان بەم کارانە بێ ئەگینا هیچ کەس باوەر بەم شانۆگەریە قیزەونە ناکات.

ئەوەی کە لە شەوی شەممە ١٨ی گەلاویژدا بە حزوری ٧ کەس لە دانشجوە دەستگیر کراوەکان پیشان درا، نەك دەربرینی راستیەکانی بە هەلەدا چوونی بزوتنەوەی دانشجویی، بەلکو دریژەی سیناریویەکانی بەرنامەی هویەتی کۆماری ئیسلامی بوو کە لەلایەن مەئمورەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و هاوکاران و شاگردانی سەعیدی ئیمامی و حوسەینی شەریعەتمەداری لە ماوەیەکی زۆر لە مەوبەرەوە ریگای بۆ خۆش کرابوو و بۆ خەلکی ئازار چیشتو و داخ لە دلی ئیران نە تەنیا دەرخەری راستیەکان نەبوو، بەلکو بوە هۆی چوونە سەر رق و بیزاری گشتی ئەوان لە بەریوەبەران و سازماندەرانی ئەم شانۆگەریە قیزەونانە. ریبەران و سیاسەت داریژەرانی کۆماری ئیسلامی دەیانهەوی، بە نیشان دانی دانشجوە دەستگیر کراوەکان کە ئاسەواری ئەشکەنجەی جسمی و رەوانی بە جەستەیانەوە دیار بوو، جاریکیتر فەزای ترس و نیگەرانی لە گرتن و کوشتن بەسەر کۆمەلگای ئیران و جەماوەری نارازیدا بسەپێنن.

زیندانیە دەستگیر کراوەکان دەبی لە سەرجەم حەق و حقوقی زیندانیانی سیاسی، لەوانە بوونی وەکیل، قەدەغە کردنی هەر چەشنە ئەشکەنجەیەکی روحی و جسمی و هەروەها لە دادگایەکی عەلەنیش بەرخوردار بن. هەلس و کەوتی کۆماری ئیسلامی تا ئیستا لەگەل سەرجەم زیندانیانی سیاسی کە لە جەریانی ئیعترازاتی دانشجویی و بزوتنەوەی دانشجوییدا دەستگیر کراون، دژە ئینسانییە و بە پیچەوانەی سەرجەم یاسا و ریسا ناسراوەکانی جیهانییە. نیشان دانی زیندانی سیاسی لە شاشەی تەلەفزیونەوە بە مەبەستی ئیعتراف وەرگرتن و دان پیدانان بە تاوان و هەڵە، کردەویەکی وەحشیانەیە و دەبی بەتوندی بدریتە بەر رق و تورەیی بیروڕای گشتی و ئازادیخوازی خەلکی ئیران. داخوازی ئازادکردنی زیندانی سیاسی دەبی ببێتە سەرتۆپی هەر ئیعتراز و نارەزایەتییەکی کریکاری، جەماوەری و دانشجویی ■

# هەوالەکانی ئیران و کوردستان

**سمیرۆم**:

**نارەزایەتی بەربلاوی خەلکی شاری "سمیرۆم و وەردەشت" کەوتە بەر پەلاماری هیزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی و هەشت کوشتە وزیاتر لە سەد بریندار لیکەوتەوە**

رۆژی شەممە ریکەوتی ٢٥ی گەلاویژ ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی شاری سمیروم و وەردەشت بە ئیعتراز بە ئال و گور لە سیستمی ئیداری بەشی وەردەشت لەبەر فەرمانداری سمیرۆم دەست دەکەن بە ئیعتراز و نارەزایەتی دەربرین. ئیعتراز و خۆپیشاندانی هیمنانەی خەلك دەست بەجی دەکەویتە بەر پەلاماری وەحشیانەی هیزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی و شەش کەس لە خەلکی نارازی گیانی خۆیان لەدەست دەدەن و زیاتر لە سەد کەسی دیکەش بریندار دەبن. خەلکی نارازی و دل پر لە قین لە بەرانبەر پەلاماری هیزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەخۆیان دیفاع دەکەن و دوو کەس لە هیزە چەکدارەکانی رژیم بە دەستی خەلك دەکوژرین.

جەماوەری تورە بە بینینی کوشتاری خەلکی نارازی پەلامار دەبەنە سەر ناوەندە دەولەتیەکان و ویرای ئاگر تیبەردانی لاستیك لە شەقامەکان چەند شوینی و دەولەتی لەوانە فەرمانداری سمیروم دەسوتێنن.

بە رەوالەت هۆی تیك هەلچونی خەلکی شاری سمیروم لەگەل هیزەکانی رژیم ئەوە بووە کە رژیم رایگەیاندوە ناوچەی "وەردەشت" لە شارستانی سمیروم جیا دەکاتەوە و دەیخەنە سەر شاری "دهاقان" کە خەلکی سمیروم و وەردەشت بەم کارە نارازی بوون. پاش رووداني نارەزایەتی خەلك و کوشتاری وەحشیانەی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی لە جەماوەری تورە، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ترسی پەرەئەستاندنی ئیعتراز و نارەزایەتی خەلك و قوول بوونەوەی رق و تورەیی جەماوەر لە تەرحەکەی خۆیان پاشەکەشیان کردوە و بەلینیان داوە کە ئەم تەرحە ئیجرا نەکەن. هەروەها بەپیی تازەترین هەوال ئەندامانی شورای شاری سمیروم بە ئیعتراز بە کوشتاری خەلکی ئەم شارە لەلایەن هیزەکانی رژیمەوە بە تیکرا ئیستعفایان داوە. ئەوەی کە رۆژی شەممە لە شاری سمیروم رووی دا یەکیك لە دەیان نمونە لە ئیعتراز و نارەزایەتی پەنگ خواردوی خەلکی دل پر لە قین لە کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە دژی ئینسانی و هیزە جینایەتکارەکانیەتی کە بە ئیعتراز بە ئال و گور لە سیستمی ئیداری و کشوریدا خوی نیشان دەدات. جەماوەری نارازی لە ئیران بە هەر شیوەیەك و بە هەر زمانیك نیفرەت و بیزاری خۆیان لە کۆماری ئیسلامی دەر دەبرن.

ئیمە ویرای مەحکوم کردنی پەلامار و دەست دریژی و کوشتاری خەلکی "سمیرۆم" لە لایەن هیزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هاودەردی خۆمان لەگەل بنەمالەی قوربانیانی ئەم روداوە دەر دەبرین و هیوای چاك بوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین. هەروەها خوازیاری ئازادی فەوری و دەست بەجیی گیراوەکان و بە سزا گەیاندنی ئەو جینایەتکارانەین کە تەقەیان لە خەلك کردوە و بوون بەهۆی کوژرانی شەش کەس و بریندار بوونی زیاتر لە سەد کەس لە خەلکی نارازی و ستەم دیدەی سمیروم.

## قائین:

**لە ئاکامی شەر و پیکدادان لە نیوان هیزەکانی سپا و خەلکی "قائین" چەندین کەس بریندار بوون.**

حەرەکەتی ئیعترازی خەلکی قائین لەدژی گەلالەی دابەشکردنی ئوستانی خوراسان کە رۆژەکانی جومعە و شەممە ریکەوتی ٢٤ و ٢٥ی گەلاویژ دەستی پیکردبوو، لە رۆژی یەکشەممەدا، شەر و تیك هەلچونی لی کەوتەوە، بەلام پاش ئەوەی پیشنیاری دەولەت و کۆمیسیون دەنگی پی نەدرا و لیکولینەوە سەبارەت بە لایحەکە لە مەجلیسی شواری ئیسلامیدا دوا کەوت، نارەزایەتیەکانی ئەم شارە دامرکایەوە.

خۆپیشاندەران لە دابەش بوونی ئوستانی خوراسان لە پەیوەست بوونی شاری قائین بە ئوستانیك کە ناوەندەکەی بیرجەند بێ نارازی بوون، بەم بونەیەوە خەلکی ئەو شارە لە سەعاتی ٩ی سەر لە بەیانی رۆژی یەکشەممە ٢٦ی گەلاویژ کۆبوونەوە و لە دریژەی حەرەکەتیکی ئیعترازیدا لەسەر جادەی مەشهەد – زاهیدان دەستیان دایە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین. بە شوین ئەمەدا یەگانی تایبەتی هیزی ئینتزامی و باقی هیزە سەرکوتگەرەکان بە تەقاندنەوەی گازی فرمیسك ریژ هیرشیان کردە سەر حەرەکەتی ئیعترازی جەماوەر و خەلك دەستیان دایە موقاوەمەت و بەربەرەکانی لەگەل هیزەکانی رژیم. ئەم شەر و پیك دا دانە ژمارەیەك برینداری لی کەوتەوە کە بۆ بیمارستانی قائین شار رەوانە کران. سەرجەم ٦ کەس لە خەلك لە جەریانی ئەم تیك هەلچونەدا بریندار بوون.

ئەمرۆ لە قائین شار بیرەوەرییەکی تال بۆ خەلك ماوەتەوە کە پەیوەندی بە رۆژەکانی پیش دابەشکردنی خوراسانەوە نیە بەلکو لە توندوتیژییەکەوە سەرچاوە دەگریّ کە هیزەکانی یەگانی تایبەتی کۆماری ئیسلامی لەدژی خەلکی ئەم شارە ئەنجامیان داوە و لەجەریانی ئەو توندوتیژیەی هیزەکانی رژیم دا بە کەس و تەنانەت بە منالانیش رەحمیان نەکردوە.

پیویستە بوتری کە لەم رووداوەدا، ئەو فیلم و عەکسانەی کە لەلایەن وینەگری هەوالنیرییەکانەوە و لەوانە وینەگر و هەوالنیری بلاوکراوەی محەلی "اندیشە سبز" لە دیمەنەکانی جەریانی ئەزیەت و ئازاری خەلك لەلایەن هیزەکانی یەگانی تایبەت هەلگیرابوو، لیان سەندراوە و دەستیان بەسەردا گرتوە.

ئەم رووداوەی شاری قائین هەتا ئیستا گەلیك دژ کردەوەی سیاسی لی کەوتۆتەوە. ژمارەیەك لە خەلك نارەحەتی وبیزاری خۆیان لەم کردەوەیەی هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم دەربریوە و وتویانە کە شاری قائین بیجگە لە شەر و پیکدادانەکانی سەردەمی ئینقلاب لە زەمانی رژیمی پیشوو کە شەهید بوونی ٥ کەسی لیکەوتەوە، روداویکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیتوە.

## رەشت:

**کریکارانی "هەواکەشی" خەزەر دەستیان لە کار کیشایەوە**

کریکارانی شیرکەتی "هەواکەشی" خەزەر هەلکەوتو لەشاری سەنعەتی رەشت، بەهۆی نەدانی حەقدەستەکانیان ماوەی حەوتویەکە دەستیان لەکار کیشاوەتەوە.

ئەم واحدە بەرهەم هینەرە ١٩٤ کریکاری هەیە کە ٣٠ کریکاریان رەسمین. کریکاران داواکاری ئەوەن کە حەقدەستی دواخراوی مانگەکانی خورداد، تیر و مورددادیان پیبدریّ و هەروەها خوازیاری ئەوەشن کە بەهۆی بەکردەوە دەرهینانی تەرحی تەبەقەبەندی مەشاغل زیاتر لە ٨٢ میلیون تمەنیان پیبدریّ. شیرکەتی "هەواکەشی" خەزەر دووهەمین واحیدی بەرهەم هینەری هەواکەشی لە ئاستی ئیران دایە کە لە لایەن بەشی خسوسی ئیدارە دەکریّ.

## توربەتی جام:

**مانگرتنی غەزایی ٢٠٠ کەس لە زیندانیانی زیندانی توربەتی جام**

نزیکەی ٢٠٠ کەس لە زیندانیانی زیندانی توربەتی جام دەستیان داوەتە مانگرتنیکی غەزایی.

لە دریژەی ئەم هەوالەدا هاتوە کە ئەم ژمارە لە زیندانیان لە ئیعتراز سەبارەت بە دادگای ئینقلابی توربەتی جام مانیان گرتوە و داواکاری ئەوەن کە چاویان بە بەرپرسی دادگای ئینقلابی ئوستانی خوراسان بکەویّ.

زیندانیەکان خۆیان لە خواردنی سوبحانە، نەهار و شام پاراست و مانگرتنی غەزایی خۆیان بە بەرپرسانی زیندان راگەیاند. لەئاکام دا چەند نوینەریك لە ئیدارەی گشتی ئوستانەوە هاتنە زیندان تا بە خواستی زیندانییەکان رابگەن. نزیکەی ٤ کەس لە مانگرتوان راگویزران بۆ زیندانی مەرکەزی مەشهەد و دوابەدوای ئەمەش، زیندانییە مانگرتوکانی دیکەش کۆتاییان بە مانگرتنە غەزاییەکەی خۆیان هینا.

## تاران:

**لە روداویکی دلتەزین دا لە تاران چوار کەس گیانی خۆیان لە دەست دا و یەك کەسی دیکەش بە توندی بریندار بوو.**

سەعات ٦ی سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە ١٥ی گەلاویژ لە جنوبی غەربی تاران واتە لە خیابانی "کۆمەیل" بەهۆی رووخانی سەقفی خانویەکی مەسکونی، کە بنەمالەیەکی کریکاری کوردی تیدا دەژیا چوار کەس گیانی خۆیان لەدەست داوە و یەك کەسیش بە توندی بریندار بووە. نەسرولا نگەری خەلکی ئاوایی "کەڕەسی" سەر بە ناوچەی چەم شاری سنە کە بۆ کارکردن لەگەل بنەمالەکەی چوو بوە تاران، لە خیابانی کۆمەیل خانوە کۆنیکیان دۆزیبووە و هەر لەویدا دەژیان. نەسروللا کە سەرپەرەستی بنەمالە بوو لە کەللە پەزییەك دا کاری دەکرد. سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەممە نەسروللا بۆ کار کردن لە مال وەدەر کەوت و سەعات ٦ی بەیانی سەقفی مالەکەیان رووخا. لەم روداوە دلتەزینەدا سێ مندالەکەی کاك نەسرولا بە ناوەکانی سۆما ١٤ سالە، ئاسۆ ١٥ سالە و بەشیر ١٠ سالە هاوکات لەگەل کەسیکیتر بەناوی سابیری رەزاقی کە ٢٢ سال تەمەنی بوو و هەر لەو مالەدا بوو، بە داخەوە دەست بەجی گیانی خۆیان لەدەست داوە و هاوسەری کاك نەسرولا نگەریش بە توندی بریندار بوە و تووشی خوێن ریژی مەغزی هاتوە و لە هەل و مەرجیکی دژوار لە بیمارستان بەستەری کراوە. ئیمە ویرای سەرەخۆشی و دەربرینی داخ و پەژارەی خۆمان لەم روداوە دلتەزینە، هاودەردی خۆمان لەگەل کاك نەسروللا نگەری و بنەمالە و کەس و کاری و خەلکی کەرەسی دەردەبرین و خۆمان بە بەشداری غەم و پەژارەیان دەزانین. واقعییەت ئەوەیە کە بەهۆی دواکەوتوو راگرتنی کوردستان لەبواری ئابوریەوە کە لە سیاسەتی هەلاواردنی ئاگاهانەی رژیمەوە سەرچاوە دەگریّ، سالانە سەدان هەزار کریکاری کورد بە تەنیا یان لەگەل بنەمالەکانیان بۆ دوزینەوەی کار رەوانەی ناوەندە کریکاریەکان و شارە جۆراوجۆرەکانی ئیران دەبن. ئەم کریکارانە و بنەمالەکانیان لە هەل و مەرجیکی دژواری کار و شوین و جیگای نیشتەجی بوون دا بە سەر دەبەن. کاری قورس و تاقەت پروکین بە حەقدەستی کەمەوە قەبول دەکەن و لە مال و خانووی روخاو و بی ئیمکانات لە گەرەکەکانی دەوروبەری شارەکاندا ژیانیکی هەژارانە بەسەر دەبەن، بەو هیوایەی پولیك پاشە کەوت بکەن هەتا بەشی بەریچوونی ٦ مانگ بیکاری لە کوردستانیان بکات، بەلام سالانە دەیان کەس لەم کریکارانە بەهۆی نائەمنی کار و شوینی ژیانیان تووشی کارەساتی دلتەزین دەبن. بەرپرسی راستەوخۆی ئەم کارەساتە دژی ئینسانییە کە لە شوینەکانی کار و شوینی ژیانی کریکاران دا روو دەدات، سەرمایەدارانی قازانج پەرەست و حکومەتی ئیسلامی پاریزەری سەرمایەدارانە.

## هەمەدان:

کریکارانی کارخانەی داخراوی سامیکو سەنعەتی هەمەدان لە سالونی کۆبەنەوەکانی خانەی کارگەری ئەو شارە کۆبەنەوەیەکی ئیعترازییان وەریخست و خوازیاری پی راگەیشتن بە گیروگرفت و بارودوخی نالەباری خۆیان بوون.

جیگای باسە کە کارخانەی سامیکو سەنعەتی هەمەدان لە سالی ١٣٦٨وە لەگەل گیروگرفتی زۆر بەرەورو بووە و لە ئاکامیش دا رۆژی ٢٤ی رەشەمەی سالی ١٣٨١ بە تەواوی داخرا.

دوای تەعتیل بونی ئەم ناوەندە بەرهەم هینەرە نیوی کریکارانی کەوتنە ژیرچاوەدیری بیمەی بیکاری و نیوەکەی دیکەشیان بە هوی نەناردنی لیستی ناوەکانیان بۆ ئیدارەی تەئمینی ئیجتماعی لە مافی بیمەی بیکاری بیبەش کران.

بەرپرسی گشتی دەفتەری بەرنامە ریژی ئوستانداری کە بەشداری ئەم کۆبەنەوە ئیعترازییەی کریکارانی کارخانەی سامیکو سەنعەت بوو، روو بە کریکارانی نارازی قسەی کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا کریکارانی بۆ سەبر و هیمنی رینمایی کرد و وتی کە وامی خۆ ئیشتغالیان پی دەدری و تا کاتیك وەزعییەتی کارخانە روون دەبیتەوە دەتوانین بە شیوەی تاك و بە کومەل لەم تەسهیلاتە بەهرەمەند بن.

داخرانی رۆژانەی کارخانەکان و ناوەندەکانی کریکاری و نەدانی حەقدەستی کریکاران بۆ ماوەی چەند مانگ و تەنانەت سالیکیش، ئەمرۆ ئیتر بۆتە کاریکی ئاسایی و نورمال لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی کوماری ئیسلامیدا. لە هەل و مەرجیکدا کەکار بەدەستانی رژیمی ئیسلامی و خاوەنانی کارو سەروەت تەنانەت بۆ ساتیکیش لە چەوسانەوەی کریکاران و کەلەکە کردنی سەروەت و سامان غافل نابن، کریکارانی برسی و بنەمالە هەژارەکانیان بۆ سەبر و هیمنی رینمایی و دەعوەت دەکەن. لە هەمان حال دا ئەم کار بەدەستانەی رژیم بە دانی وەعدەی وامی خۆ ئیشتغالی دەیانهەوی کریکاران فریو بدەن و بە لارییان دا ببەن. کوماری ئیسلامی و دەست و پیوەندە جۆراوجورەکانیان لە ناوەندە دژی کریکاریەکانی وەك خانەی کارگەر و شورا ئیسلامییەکانی کار، لە پال سەرکوتی بەردەوام و رۆژانەی کریکاران، دەیانهەوی کریکاران بە دانی وەعدەی پڕ و پوچ و بیناوەروك فریو بدەن.

ئیستا زیاتر لە هەر کاتیکیتر وەختی ئەوە هاتووە کە چینی کریکار لە بەشە جوراوجورەکانی کاردا، بە هەلسورانی جیدی و رۆژانەی خۆیان هەول بۆ پیك

هینانی ریکخراوە سەربەخۆ کریکاریەکان بدەن. کریکاران دەتوانن بە خەباتی یەکگرتوانەی خۆیان رژیم و خاوەن کاران ناچار بکەن کە حەقدەستە دواخراوەکانیان پی بدەن و مافی بیمەی بیکاریان بۆ دابین کەن.

## بانە:

**لە ئاکامی تەقینەوەیەك لەسنوری ئیران و عیراق، ٤ کەس گیانیان لەدەست دا و ٨ کەسی دیکەش بریندار بوون.**

رۆژی یەك شەممە ریکەوتی ١٩ی گەلاویژ لە کاتی بەتال کردنی ماشنیکی بار هەلگری ئالمینیوم و ئاسنەواڵە کە لە عیراقەوە بە مەقسەدی ئیران بارکرابو تەقینەوەیەکی گەورە رویدا.

بە وتەی "دیار محەممەد غەریب" شوفیری ئەم ماشینە، لەکاتی بەتال کردنی ماشینەکەدا بە فریدانی گونییەك پر لە ئاسنەواله تەقینەوەیەکی گەورە رویدا، کە بەهۆی ئەم تەقینەوە، "ئەشکانی خاموشی، عەبدوللای کەریمی، موتەلیبی رەسولی خەلکی ئیران و هەردی جەمال رەزا، خەلکی عیراق گیانیان لەدەست دا.

هەر لەم روداوەدا ٨ کەسیش بریندار بوون کە بریتین لە: شیرکو محەممەدی تەمەن ٢٤ ساله، فایەقی خاموشی٣٠ ساله، عەتا خاموشی ٣٥ ساله، محەممەدی ئەمینی ٣٤ ساله، جەمال سەعیدی ٣٠ ساله، محەممەدی مەکاری ٢٦ ساله و عومەر قادر فەرەج ٣٤ ساله و خەلکی عیراق و دیار محەممەد غەریب ٢٧ ساله خەلکی عیراق و شوفیری ماشینەکە.

جیگای باسە کە سەرجەم کەسە بریندارەکان لە نەخوشخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی شاری بانە بەستەری کراون.

پاش رووخانی حکومەتی عیراق بە سەدان هەزار پووکەی گوللە توپ لە شوینە جوراوجورەکانی ئەم ولاتە لە نزیك شار و گوندەکان و مولگە نیزامیەکان بەجی ماون. کۆکردنەوە و بردنی ئەو کەل و پەلە بۆ ئیران بۆتە معامەلە و کاسبییەکی رۆژانە و حکومەتی ئیسلامی ریگای سنورەکانی بۆ ئاودیو کردنی ئەم کەل و پەلانە کردوتەوە. سەرمایەدرانی ئیرانی بە هاوکاری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە چەند شوین لە سنوور چەند کارگا و ناوەندی تواندنەوەی ئەم پووکانەیان داناوە. یەکیك لەم کارگایانە لە نزیك ئاوایی سەیران بەند سەر بەناوچەی بانەیە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا پەیدا کردن و کەلەکە کردنی سەرمایەیان لە بەرچاوە، بە بی لە بەرچاوگرتنی ئەمنیەتی خەلکی ناوچەکە و پاك و خاوین راگرتنی ژینگە بریاری دامەزراندنی کارگایەکی تواندنەوەی پوکەی گوللەی توپ و باقی کەرەستەی نیزامییان لە سێ مانگ لەوە پێشەوە لە ئاوایی سەیران بەند داوە.

ئیمە ویرای دەربرینی داخ و پەژارەی خۆمان لەم روداوە دلتەزینە سەرەخوشی لە بنەماله و کەس و کاری قوربانیانی ئەم رووداوە دەکەین و هیوای چاك بوونەوەیش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی محەلی ئەو رژیمە بە تاوانباری ئەسلی ئەم جینایەتە دەزانین و خوازیاری ولام دانەوەیان بە بنەمالەی قوربانیانی ئەم کارەساتە دلتەزینە و هەروەها قەرەبوو کردنەوەی خەسارەت و زەر و زیانی کوژراو و بریندارەکانین.

## سنە:

**دوزینەوەی تەرمی لاویك لە گوێزە کۆیری ئاویەر لە سنە**

روژی دووشەممە ١٣ی گەلاویژ لە گوێزە کویری ئاویەر تەرمی لاویك بە ناوی" خالیدی خانزادپور" دوزراوەتەوە کە خۆی سوتاندوە. شایانی باسە کە ئەم لاوە لە پیش دا موعتاد بۆە بەلام دواتر تەرکی ئیعتیادی کردوە.

هۆکاری خۆسووتاندنی ئەم لاوە گیروگرفتی مالی، بیکاری و بیئاسویی راگەیەندراوە. جیگای ئاماژەیە کە ئەم لاوە نزیکەی ١٥رۆژ لەمەوبەر خۆی سووتاندوە بەلام تەرمەکەی لەم دو و سێ رۆژەی دواییدا دۆزراوەتەوە.

رۆژ نییە کە ئیمە لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی رەشی کوماری ئیسلامیدا شاهیدی خۆکوژی و خۆسووتاندنی لاوان نەبین، کە سەرجەمی ئەم لاوانە بەهۆی بیکاری و هەژاری و گیروگرفتی ژیان دەست دەدەنە کردەوەی لەم چەشنە.

ئەم لاوانە بەهۆی ئەوەکە هیچ ئاسویەکی روون لە ژیانیان دا شك نابەن دەست دەدەنە خۆکوژی و خۆسووتاندن. بەلام بیگومان کردەوەی لەم چەشنە ناتوانی رزگاری دەری کومەلگای ئیران لە دەست گیروگرفتەکانی ژیان بێ. تەنیا ریگای دەرباز بوونی کومەلگای ئیران لەو وەزعە مەینەتبارە، بە یەکگرتوویی و هاوپشتی سەرجەم تویژەکانی کومەلگای ئیران، بە مەبەستی رووخانی دەسەلاتی رەشی کوماری ئیسلامی بەدی دێت.

بەپیی هەوالیکیتر هەر لەشاری سنەوە، رۆژی دوشەممە ریکەوتی ١٣ی گەلاویژ کاك سابیر محەممەدی خەلکی ئاوایی خیارە کە لە شاری ئەنزەلی لە شمالی ئیران کاری بەننایی دەکرد، بەداخەوە لە حالی مەلە کردن لە دەریادا خنکاوە. نەبوونی نەجات غەریق لەوجورە شوینانە سالانە دەیان قوربانی لی دەکەویتەوە.

## سەقز:

**قوربانییەکی تازەی مەوادی موخەدیر لەشاری سەقز**

رۆژی شەممە ریکەوتی ١٨ی گەلاویژ، کەسیکی تەمەن ٣٠ساله بەناوی"رزگار پەناهندە" خەلکی ئەم شارە بەهوی تەزریقی مەوادی موخەدیرەوە گیانی خۆی لەدەست دەدات و دەبیت بە قوربانی بلاوبوونەوەی مەوادی موخەدر کە لە بەرپرسان و دەست و پیوەندەکانی کۆماری ئیسلامیەوە بەردەوام لە ناو جەماوری خەلکی ئیران دا بلاو دەکریتەوە. رۆژانە لە گوشەوکەناری هەر کام لە شارەکانی ئیران هەوالی مەرگی کەسانیك و دۆزینەوەی تەرمیان بوتە شتیکی ئاسایی. رۆژانە بە دەیان کەس و کور و کومەلی موعتادان لە پارکی شارەکان، دەوروبەری مەیدان و شوینە گشتییەکان و کەناری شەقامەکان لە پیش چاوی مەئمورانی رژیم خەریکی مەسرەف مەوادن، بەلام کاریان بە سەریانەوە نیە. لە هەموو شارەکانی ئیران کاربەدەستانی رژیم، بەرپرسانی شەبەکەی تەوزیعی مەوادی موخەدەر دەناسن و ژمارەی تەلەفون موبایلەکانیان، مدل و مارك و ژمارەی ماشین یا موتور سیکلیتەکانیان دەزانن، بەلام ئاگاهانە چاوپوشییان لی دەکەن. ئەم حکومەتە تاوانبارە لەریگای موعتاد کردنی لاوانەوە، بە فەسادیان دەکیشی و بیری موبارزە و بەربەرەکانی لەگەل دیکتاتورییەتیان تیدا دەکوژی و بەمجۆرە سەریان پی دادەنەوینی. خەلکی ئازادیخواز دەبیت ئاگاهانە بەربەرەکانی لەگەل ئەو دیاردە مال ویرانکەرە بە بەشیك لە خەبات لەدژی کوماری ئیسلامی و دەست و پیوەند و باندە هاوکارەکانی چاو لی بکەن ■

# گوزارشیك لە ئاموزشگای سیاسی- نیزامی کۆمەلە

بەپیی گوزارشی ئاموزشگای پیشمەرگایەتی کۆمەلە، رۆژی جومعە ١٧ی گەلاویژ لە مەراسیمیکی بەشکۆدا کە لە ئاموزشگای پیشمەرگایەتی کۆمەلە بەریوە چوو کۆمەلیکیتر لە لاوانی شورشگیری کوردستان بەریزی پیشمەرگەکانی کۆمەلەوە پەیوەست بوون.

ئەم مەراسمە کە ژمارەیەکی زۆر لە هاورێیانی پیشمەرگە و میوان بەشدارییان تیدا کردبوو، سەرەتا بە سروودی ئەنترناسیونال و دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی هاورێیانی گیانبەخت کردو دەستی پیکرد. دواتر هاوری ئەسعەدی روستەمی یەکیك لە هاورێیانی بەرپرسی ئاموزشگای پیشمەرگایەتی ویرای پیرۆزبایی کردن لە هاورێیانی تازە چەکدار بوو بە بۆنەی تەواو کردنی سەرکەوتوانەی دەورەی ئاموزشی سیاسی و نیزامی، قسە و باسیکی روو بە بەشداربوان کرد و لە بەشیك لە قسەکانیدا وتی: ئەمرۆ و لەم مەراسمەدا کومەلیکیتر لە لاوانی شورشگیر و ئازادیخوازی کوردستان پاش تیپەر کردنی سەرکەوتوانەی دەورەی ئاموزشی سیاسی، نیزامی لە ئاموزشگای کومەلەدا بە رەسمی دینە ناو ریزی پر لە شانازی پیشمەرگایەتی کۆمەلەوە و چەکی خەبات لەدژی هەر چەشنە ستەمیك کە بورژوازی و دام و دەزگا سەرکوتگەرەکەی لەدژی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش دەیکات دەکەنە شانیان و دەیانهەویت وەکو پیشمەرگەی کومەلە لەسەر ریبازی ئازادی و بەرابەری ئینسانەکان موبارزە بکەن.

هەروەها لە بەشیکیتری قسەکانیدا وتی: رۆژ نیە کریکاران، لاوان، ژنان و خویندکاران و باقی چینە دەست تەنگەکان نەکەونە بەر بێرەحمانەترین ئازار و ئەشکەنجە وکوشت و بڕ و رۆژ نیە کە لە گوشەیەك لەو ولاتە کەسانیك ئیعدام نەکرین و بە سەدان کەسیتریش هەرەشەی ئیعدامیان نەکەویتە سەر. نەبوونی هیچ چشنە ئازادییەکی سیاسی و کۆمەلایەتی، بێکاری، گرانی، نابەرابەری لەنیوان ژن و پیاودا، فەساد، لەش فرۆشی، ئیعتیاد، دیاردەی مندالانی خیابانی، خەفەقان، قەیرانی ئابووری، دزی و بەرتیل خۆری و زۆر دیاردەیتری لەو چەشنە بوتە پیناسەی ئەو کۆمەلگایە کە حکومەتی ئیسلامی ئیران سەبەبکاریەتی.

پیویستە بوتری کە مەراسمەکە ویرای پیرۆزبایی کردن لە هاورێیانی تازە چەکدار، لەنیو شور و شەوقی بەشداربوان و فەزایەکی گەرم و سەمیمانەدا کۆتایی پێهات ■

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komala

No. 172 Aug - 2003

# راگەیاندنی بەریوەچونی کۆبوونەوەی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە

پلنۆمی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلە لە رۆژەکانی نیوەی دووهەمی مانگی گەلاویژدا بە بەشداری زۆربەی ئەندامانی هەر دوو کۆمیتە بەریوە چوو و پاش چەندین دانیشتن و کاری پر بە پر کۆمەلیك لە مەسائیلی گرینگی سیاسی و تەشکیلاتی دایە بەر باس و لیکولینەوە و سەبارەت بە هەر کامیان بریاری پیویستی دەرکرد.

یەکەمین باسی ئەم کۆبوونەوەیە لیك دانەوەی هەل و مەرجی سیاسی ئیستای ئیران بوو. هەژاری و فەقیری لە بواری ئابووری، پەرەئەستاندنی نارەزایەتی جەماوەری و گەشە ساندنی بزوتنەوە بەهیزە کۆمەلایەتی‌یەکان لە ئیران، کۆماری ئیسلامی هەرچی زیاتر لە قەیرانی سیاسی قول دا گیری‌کردوە. ململانی سیاسی‌یە توند و بەر بلاوەکان سەرتا پای کۆمەلگای ئیرانی داگرتوە و مەیلە سیاسی و چینە جیاوازە کۆمەلایەتیەکان هەرکامیان هەول دەدەن کە مۆرکی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان لە ئال و گورەکانی داهاتوو بدەن. لە وەها هەل ومەرجیك دا دەولەتی ئامریکا و باقی دەولەتە ئیمپریالیستەکان لە پەیوەند لەگەل ئیراندا سیاسەتی چالاکتریان گرتووەتە پیش و بە شیوەی ئاشکرا و نەهینی لەسەر دیاری کردنی چارەنوسی قەیرانی سیاسی ئیستا لە ئیران بە چەشنیك کە قازانجی ئەوان تەمین و تەزمین بکات لە حالی ململانی‌دان. پلنۆم تەئکیدی کرد ئەوەی لە ئیستادا بایەخی سەرەکی هەیە، ئەم راستی‌یەیە کە جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش و خەلکی نارازی و ئازادیخواز بروا و متمانە بە هیزی خۆیان لە دەست نەدەن. رزگاری لە چنگ کۆماری ئیسلامی و بنیادنانی کۆمەلگایەکی مورەفە، ئازاد و بەرابەر ناتوانیت حاسلی دەخالەتی ئەو لایەنانە بیت کە بە تەماحکاری و قازانج پەرەستانە و ئامانجی سولتە خوازانە، سیاسەتی خۆیان لە هەلس و کەوت لەگەل ئیراندا فەعالتر کردوەتەوە. جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش بەهیزی هوشیاری، ریکخستن و خەباتی راستەوخۆ دەتوانن هەل و مەرجی رزگاری خۆیان پیك بینن. تەجرەبە نیشانی داوە هەر چەشنە دەخالەتیکی زل هیزەکان و لەسەرەوەی هەموویان ئامریکا، لە کردەوەدا بەشتیك غەیری پیك هینانی ناکوکی و جیاوازی لە ریزی جەماوەری ستەم لیکراو و بەلاری‌دا بردنی بزوتنەوە کۆمەلایەتیە پیشرەو و راستەقینەکان و بەهیز کردنی بەرەی کونەپەرەستی ئاکامیکی لی ناکەویتەوە.

سەبارەت بە مەسائیلی کوردستان، پلنۆم بەشە جۆراوجۆرەکانی کاری ئیمەی دایە بەر باس و لیکولینەوە و لە هەر بەشیك دا بریاری پیویستی دەرکرد. سەرەکی‌ترینی بەشی ئەم باسە لیکدانەوە و سیاسەت و هەلویستی ئیمە سەبارەت بە هیزی چەکداری کۆمەلە لە کوردستان بوو. لەم بوارەدا پلنۆم لەسەر گرینگی پیداگرتن لەسەر سیاسەتی پەسەند کراوی کونگرەی دەهەمی کۆمەلە سەبارەت بە خەباتی چەکداری و جیگا و شوینی لە هەلسوورانی کۆمەلەدا تەئکیدی کردەوە و سیاسەتی عەمەلی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەلەی لە کوردستان لە ولامدانەوە بە هەل و مەرجی تازەدا تەئید کرد. لە هەمان حال دا کۆبوونەوەی هاوبەشی هەر دوو کۆمیتە وەبیری هینایەوە لە کاتیکدا کە ناکۆکی و کیشەی نیوان ئامریکا و ئیران لایەنی نۆیی بە خۆیەوە گرتەوە و بەتایبەت سات و سەودا و معامەلەگەری لە نیوان هەر دوو لادا لە ئارادایە، هەر چەشنە جم و جۆلیکی چەکداری کە ئەم بەشە لە هەلسورانی ئیمە لەگەل سیاسەتەکانی ئامریکا لەئاست کۆماری ئیسلامی لە بیرورای گشتی‌دا تەداعی بکاتەوە، بە زەرەرمەند دەزانیت، و لەم جۆرە هەلسورانە خۆ دەپاریزین.

خالیکی دیکەی کۆبونەوەی هاوبەش هەلسەنگاندنی وەزعییەتی مالی حیزب بوو. پلنۆم بە مەبەستی باشتر کردنی وەزعی مالی حیزب لە هەل و مەرجی لە حالی ئال و گوری ئیستادا ئیقداماتی پیویستی لە دەستوری کاری خۆی‌دا دانا و کومیسیونیکی تایبەتی کردە بەرپرسی کار لەم بوارەدا.

سیاسەتی ئیمە لەئاست کۆبوونەوەی هاوبەشی هیزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و هەلسەنگاندنی پەیوەندی کۆمەلە لەگەل حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئیران لە خالەکانی دیکەی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوو. پلنۆم پاش بیستنی گوزارشاتیك کە لەم بوارانەدا پیشکەش کرا، سیاسەتی ئیمەی لە هەر دوو بەشدا دایە بەر لیکولینەوە و هەنگاوی عەمەلی دیاری کراوی خستە ئەستۆی ئورگانە تەشکیلاتیە بەرپرسەکان. وردەکاری سەبارەت بەم سیاسەت و هەلویستانە لە گوڤارەکان و باقی ئورگانە تەبلیغیەکاندا شی دەکرینەوە.

بەریوەچوونی کونگرەی هەشتەمی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەم کۆبوونەوەدا درایە بەر باس و لیکولینەوە. بە سەرنج دان بەم راستی‌یە کە زیاتر لە سال و نیویك کە لە کاتی بەریوەچونی ئەم کونگرە تیپەر بووە و بە لە بەرچاوگرتنی هەل و مەرجی لە حالی ئال و گوری کۆمەلگای ئیراندا، پلنۆم لەسەر بەریوەچونی کونگرەی حیزب لە زووترین زەمانی مومکین دا تەئکیدی کرد و بەم مەبەستە بریاری‌دا کە کونگرەی حیزب لە ماوەی لانی زۆر ٥ مانگی داهاتوودا بەریوە بچیت. ئیقداماتی پیویست بۆ خۆساز کردنی سیاسی و تەشکیلاتی لە بەرچاو گیراوە.

پلنۆم لە دوایین بەشی کاری خۆی‌دا کۆمیتەیەکی ئیجرایی حەوت کەسی بۆ هیدایەت و ریبەری حیزب تا کۆبوونەوەی داهاتووی دیاری کرد و بەم چەشنە کۆتایی بە کاری خۆی هینا.

**کۆبوونەوەی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندی**
**حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەلە**
**مانگی گەلاویژی ١٣٨٢**

## پیشرەو

ئورگانی کومیتەی ناوەندی

**سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران**

**( کۆمەڵە )**

**ئادرەس لە دەرەوەی ولات:**

R . K
P . O . BOX 3015
14503 NORSBORG
SWEDEN

فاکس: 00460853184853

ئینترنیت

سایتی کۆمەڵە:
www.komalah.org

سایتی رادیۆ دەنگی کۆمەڵە:
www. Radiokomaleh.com

سایتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران:
www. cpiran.org

چاپ : ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە

**دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران**

شەوانە: ٢١/٣٠ — ٢٢/٣٠ جومعە بەیانیان: ٨ — ٩

شەپۆلی کورت ٧٥ ، ٤٩،٦٥ میتر

**دەنگی شۆرشی ئیران**

بەیانی: ٧ تا ٨ نیوەڕۆ: ١٣ تا ١٤

ئیواران : ١٩/٣٠ — ٢٠/٣٠

شەپۆلی کورت رەدیفەکانی :

٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆ هێرتز

٦٥ میتر بەرابەر بە٤٣٨٠ کیلۆ هێرتز

٤٩ میتر بەرابەر بە ٦٤٢٠ کیلۆ هێرتز

**دەنگی کۆمەڵە**

روژانی یەکشەممە ٩/٣٠ – ١٠/٣٠ی شەو

فرکانس: ٤١ میتر بەرابەر بە ٧٥٦٠ کیلوهرتز

**ئادرەسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات**

Communist Party of Iran:

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران**

C . D . C . R . I
Box 704 45
107 25 Stockholm - Sweden
Tel/Fax: 46 - 08 - 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

Representation of Komala abroad

**دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات**

K. K.
P.o.Box 75026
Box: 750 26 Uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46-18-46 84 93
e- mail: komala@cpiran.org

**ژمارە تەلەفون و فاکس:**

٠٠٤٦ – ١٨ – ٤٦ ٨٤ ٩٣

**دەفتەری نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە سلێمانی**

Tel: 3124760 - 3125815

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

Tel: 0044707 - 7520 - 781
Tel: 0044707 - 7523- 966
Komalah@komalah. org